
تێکۆشانی ئێستا و بەرهەمی ڕۆژی دوایی



نووسین: عبدالله خاکی



تێکۆشانی ئێستا و بەرهەمی ڕۆژی دوایی

بسم الله الرحمن الرحیم

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتووک: تێکۆشانی ئێستا و بەرهەمی ڕۆژی دوایی

نووسینی: عبدالله خاکی

نەخشەسازیی بەرگ: عوسمان محمد

نەخشەسازیی ناوەوە: عبدالله خاکی

نۆرە و ساڵی چاپ: یەکەم، ١٤٤٢ کۆچی – ٢٠٢١ میلادی

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە «»ی
ساڵی «٢٠٢١»ی پێ دراوە.

پێشکەشە

- بە دایك و باوکی ئەزیزم کە بوونە چراو ڕووناکی ژیانم.
- بەو موسڵمانەی کاتێك بالغ دەبێ و خۆی دەناسێ تێکۆشان بۆ الله دەکاتە ئامانجی ژیانی.
- بەو موسڵمانەی لێدانی ترپەی دڵی و گشت جولانەوەیەکی حەرام دەکات کە بۆ جگە اللەی خاوەن عەرش بێت.
- بەو موسڵمانەی سەختی و ناخۆشی قەبر و ئاگری دۆزەخ خۆشی و ڕابواردنی دونیای لا تاڵ کردووە.
- بەو موسڵمانەی خۆشی و ڕابواردنە کاتییەکانی دونیا دەکاتە قوربانی ساتێکی کەمی بەهەشت و مەردانە بۆی تێدەکۆشێت.
- بە سەرجەم ڕۆڵە و نەوەکانی ئەم ئیسلامە لە هەر کوێیەك بن.
- بەوانەی بۆ جارێکیش بێ ناویان لە نزا و دوعاکانیان هێناوم.

خاکی

پێشەکی نووسەر

ژیانی ئەم دونیایە گەشتێکی کاتیە و مانەوەی مرۆڤەکان تێیدا تاکو سەر بوونی نیە، بەڵکو ڕۆژێکمان لە پێشە کە مردنە ئەبێ هەرچی گیان لەبەرە تام و شەرابی مردن بنۆشێ و ئەم ژیانەی دونیا بۆ یەکجاری بەجێ بێلێت، بەڵام بەداخەوە مرۆڤەکان بە جۆرێک گیرۆدە و وابەستەی ئەم دونیاییە بوونە، کە موڵک و ماڵی هەمیشەییان بێت و بێئەوەی تێ بفکرن و بیر لە خۆیان بکەنەوە دروست بوون و هاتنە ژیانی دونیایان بۆ ئەوەیە تاقیبکرێنەوە، بۆیە ژیانێک کە کاتی و کەم و مانەوەی هەمیشەیی نەبێ و بەردەوام مردن لەسەر سەرت بوەستێ و نەزانی دەقە و کاتێکی تر چ ڕووداو و کێشەیەك دێتە ڕێتەوە تام و چێژێکی ئەوهای نیە دڵت پێ خۆشبێت، چۆن هەمیشە ناموڕتاح و بێتاقەتی و کاتێ ئەزیزێکت لە ژیان ماڵئاوای دەکات و بۆ یەکجاری لەبەر چاوان وون دەبێ، ئەوکات ژیان لە پێش چاوت ئەبێتە پارچەیەک لە ئاگر و گەرمی و ناخۆشییەکانی ژیانت وێران دەکات، هەست و ناخۆشیەک ڕوو دەکاتە ناخت، بەتەواوی خۆشیەکانت لە پێش چاو ڕەش دەکات، بۆیە لەم نامیلکەی بەردەستان وویستومانە موسڵمان لە ژیانی دونیا و لەو تەمەنەی کە هەیەتی بە فرسەتی بزانێت، ئەو ماوە کورتەی بەشی هەر یەکێکمانە شایەنی ئەوە نیە خۆشی و نازو نیعمەتی هەمیشەی بەهەشتی لەسەر بدۆڕێنین، بەڵێ هەوڵماندداوە هانیان بدەین بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله و کۆکردنەوەی چاکە و زەخیرە دانان بۆ ڕۆژی دوایی، چۆن ئەم ژیانەی کە تێیداینە، تەنها تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنە لە لایەن اللەی خاوەن عەرش بۆ ئێمەی مرۆڤ و بەتایبەت موسڵمان، نەک مانەوەی هەمیشەیی کە چۆن و چی بکەین، بەچ شێوازێک کاتەکانی ژیانمان بەڕێ بکەین، لەم چەن ئامۆژگارییەی بەردەستتان تەواوی گومان

و پرسیار گەلێکی ئەو کەسانە وەڵام ئەداتەوە، کە بێغەم پشتیان کردووە لە بەرنامەی الله و دونیا و خۆشیەکانی پەردەیی غەفلەت و بێئاگای بەسەر دڵ و چاویانی داوە، بۆیە پشتیان لە دوارۆژ و قیامەت کردووە.

زۆر بە جوانی و بە نموونە و بەڵگەی قورئان و فەرموودەی پاك بابەتەکانمان ڕونکردۆتەوە.

بە ویستی الله ئەم نووسینە ووشیارکەرەوەیەکی بەسوودە کە هەلقولاوی دڵ و دەرونێکی دڵسۆزانەیە و ئامانج لێی سەرفرازی و بەختەوەری تۆیە بۆ دونیا و دوارۆژت.

هیوادارم زۆر بە ووردی و تێگەیشتنەوە بیخوێننەوە و سوود و پەند و وانەی لێوەر بگرین و ببێتە هۆی بەرچاو ڕوونیمان بۆ ناسینی حەق و بڵاوکردنەوەی ئەو حەقە لە نێو تاك و تەواوی کۆمەڵگا و بەردەوام بوونمان لەم ڕێگاییە تاکو سەرنجام بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەت دەبێتە شوێنی مانەوەی هەمیشەیمان بە ئیزنی الله تعالی.

داواکارم لە اللهی خاوەن عەرش ئەم ماندووبوونەی چێشتوومانە لە نووسینی ئەم کتێبە و تەواوی کردەوەکانمان لێ قەبووڵ بکات، کە تەنیا بۆ ڕەزامەندیی خۆی بێت، هیچ ماندووبوون و کارێکمان بۆ جگە لەو نەبێت، و بەردەوامیمان پێ ببەخشێ لەسەر ڕێبازی پیرۆزی تەوحید.

اللَّهُمْ اجْعَلْ عَمَلِي كُلَّهُ صَالِحَاً وَاجْعَلْهُ لِوَجْهِک خَالِصَاً وَلا تَجْعَلْ لِأَحَدٍ فِيهِ شَيْئَاً

بەندەی هەردەم پێویست بە الله تعالی: عبدالله خاکی.

شەوی جومعە ٢٠٢/٩/٢

بەهەشت و دۆزەخ لە پاداشتی چین؟

دەبێ ئێمەی موسـلمان زۆر جیاواز بین لـە کەسـی جاهیل و نەزان و دوور لـە ئیسـلامدا و بزانین چۆن ڕەزامەندی الله تعالی بەدەسـت بێنین و بەرەو بەهەشـت بڕۆین، چونکە بەهەشت بەئاسانی بەدەست نایێ بە دوورکات نوێژ و ڕۆژوو تەواو دەچمە بەهەشـت، نەخێر بەڵکو تێکۆشـان و شـەونخونی و ماندووبوونی دەوێت ئەزیەت و ئازاری دەوێ تاعەت و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی الله پاشـان پێغەمبەری ئـازیزی(ﷺ)دەوێـت **(عَن أَبِي هُرَيْرَةَ: أَنَّ رَسُـولَ اللَّهِ (ﷺ) قَـالَ (حُجِبَـتِ النَّـارُ بِالشَّـهَوَاتِ، وَحُجِبَتِ الجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ)**[1].واتە: لە ئەبو هوریرەوە (رەزای اللەی لێبێت) لە پێـغەمبەری ئـازیـزەوە (ﷺ) فـەرمـوویـەتی: دۆزەخ دەورە دراوە بەئـارەزوو و هەوەسبازی, وە بەهەشت دەورەدراوە بە ناخۆشی و نارەحەتی.

بەڵێ برا و خوشـکە سـەنگینەکانم نـابێ ئێمە وابیر بکەینەوە کە بەهەشـت بە ئاسـانی بەدەسـت دێ و ئەوەی تاوان و سـەرپێچییە ئەنجامی بدەین و خۆمان ماندو نەکەین بۆ تاقیکردنەوەی دونیا و پاڵبدەینەوە بێغەم.

نەخێر لە ژیانی دونیا هەر وەکو چۆن دەتەئەوێ پلەو پایە و مەنسـەب بەدەسـت بێنی هەوڵ و کۆشـشـی بۆ ئەکەی بۆ نموونە: تۆ قوتابی لە قوتابخانە دەبێ خۆت ماندو بکەی تاکو دەربچی بۆ ئاوات و ئامانجەکەت، لە هەر قوتابییەك بپرسـی بۆچی دەخوێنی؟ لە وەڵامدا دەڵێ: بۆ دکتۆر، ئەندازیاری، مامۆسـتای.. هتد بۆیە ئەو ئاواتەیان بەدێ ناهێ ئەگەر خۆیان ماندو نەکەن، ئەبێ واجبەکانی بە باشـی جێبەجێ بکات کە مامۆستا واجـبی پێداوە، وە قوتابیەکی چالاك و پاك و خاوێن ئاقڵ و ژیر بێت لە فەرمانی مامۆسـتاکەی دەر نەچێ تاکو لە بری ماندوی و زیرەکی و ئاقڵی ..هتد نمرەیەکی بەرزی پێبدات دوا ڕۆژێکی گەشی هەبێ !

---

[1]- بڕوانە: صحيح البخاري

بە پێچەوانە ئەگەر هاتوو قوتابیەکی تەمبەل و گوێنەداربوو، پاك و خاوێن نەبوو، واجبەکانی جێبەجێ نەکرد بێگومان مامۆستاکەی هیچ نمرەیەکی وای پێنادات دڵی پێخۆشبێ و دەربچێ پاشەڕۆژێکی پڕشنگداری هەبێ و بە ئاواتی بگات!. بۆیە ڕەحمەتت لێبێت تێکۆشان لە دونیا بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت هەروەك ئەم نموونەیە، ئەگەر تۆش ئەی بەندەی الله هەوڵ و تێکۆشان نەکەی بە پیشە و غەمت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی الله تعالى پاشان چوونە بەهەشت نەبێ، بێگومان وەك قوتابییە بێغەمەکە سەرکەوتوو نابی و پاشەڕۆژت ئەفەوتێ بێبەش ئەبی لە چوونە بەهەشت، چونکە ناگونجێ ڕێبازی الله تعالى پشت گوێ بخەی لە پێناو خۆشی نەفست و هەر خەریکی تاوان و سەرپێچی بی لە دونیا، ﴿وَلَاتَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ﴾[1]. واتە: نەکەن وەکو ئەو کەسانە بن کە اللهیان فەرامۆشکرد، شوێنی بەرنامەکەی نەکەوتن، اللهش ئەوانی لە بیر خۆیان بردەوە .

ئەبێ هەردەم مەردی مەیدان بین و خۆمان ماندو بکەین و تێبکۆشین وەکو قوتابییە چالاك و زیرەکە، و نەفس و ئارەزووی خراپمان تەسلیم بکەین بە الله تعالى تاکو ڕێگای چوونە بەهەشتمان بۆ ئاسان بێت.

﴿وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الْهَوَى﴾[2]. واتە: بەڵام ئەوەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و حیسابی بۆ کردبێت و جڵەوی نەفسی گرتبێتەوە لە هەموو هەواو هەوەس و ئارەزوویەکی نادروست.

بێگومان بۆ ئەو کەسانە لە دونیا خۆشی و خەفتیان کردبوو بە تێکۆشان بۆ ڕەزامەندی الله تەنها بەهەشت پاداشتیانە، کە وەکو خەڵکی نەبوون زۆر خۆیان

---

[1]- سورەتی الحشر ئایەتی١٩
[2]- سورەتی النازعات ئایەتی ٤٠

ماندوو دەكرد بە عیبادەت و پەرستنی اللهی خاوەن عەرش، چونكە ئەیزانی لەناو تاقیكردنەوەی ژیانی دونیا دایە.

﴿فَإِنَّ الْجَنَّةَ هِيَ الْمَأْوَى﴾[1]. واتە: بێگومان هەر بەهەشت جێگەی مانەوەو حەوانەوەو گوزەرانیەتی.

بۆیە با خۆمان ماندو بكەین بۆ جێگەو پێگەیەك كە هەمووی خۆشی و نازو نیعمەتە لەبری ماندوبوونی ئەو كاروكردەوانەی لە دونیا كە لە پێناو الله تعالى ئەنجامان ئەدا، بەڵام بۆ كەسانێكی تاوانبار و دوور لە بەرنامەی ئیسلام جێگایان ناو ئاگرە خەجاڵەت ئەبن لە قیامەتدا بە هۆی پشتكردنیان لەفەرمانی الله و خۆ ماندو نەكردنیان كە وا گومانیان دەبرد بۆ خۆشی و ڕابواردن هاتوونەتە دونیا، هەر بۆیە پێغەمبەری ئازیز ﴿ﷺ﴾ ئاگاداری كردوینەتەوە لەو هۆكارەی كە دەبێتە هۆی دوورخستنەومان لە ڕێبازی ئیسلام و بێئاگا بوونمان لە مردن و هەوڵ نەدان بۆ كردنی كاروكردەی چاكە كە ڕووكردنە لەخۆشییەكانی دونیا، لە كۆكردنەوەی پارە و بەدواكەوتنی مۆدیل و هەلاو بەزمی.

﴿إِنَّ مِمَّا أَخَافُ عَلَيْكُمْ من بَعْدِي مَايُفْتَحُ عَلَيْكُمْ مِنْ زَهْرَةِ الدُّنْيَا وَزِينَتِهَا﴾[2] واتە: پێغەمبەری ئازیز ﴿ﷺ﴾ فەرمویەتی: ئەوەی لەدوای خۆم دەترسم توشتانبێت و ببێتە مایەی دوورخستنەوەتان لە دینەكەتان خۆشی و ڕازاوەیی ئەم دونیاییە كە زۆر كورتەو بەخێراییش دەبڕێتەوە.

بۆیە سەردەمی بە دواكەوتنی دونیا و خۆشییەكانین و بێئاگان كەوا ڕۆژێك دێت مردن بەرەو دونیای تر ئەیان پێچێتەوە بەداخەوە بۆ كەسانێ كە ئەزانن ڕۆژێك دێ ئەمرن و ئەچنە ژێر گۆڕی تەنگ و تار، بەڵام ئەم جۆرە كەسانە ڕۆچوونە لە هەواو ئارەزووی دونیای كاتی بوونە بۆیە وایان لێهاتووە كە ڕۆژی دواییان

---

[1]- سورەتی النازعات ئایەتی ٤١

[2]- متفق علیه

بیرچۆتەوە، بۆیە تاکو مردن یەخەی نەگرتووین بیر بکەوە ئەی براکەم، خوشکی سەنگینم بەو کەسانە هەڵمەخەڵەتێ کەوا بۆ دونیایی کاتی ئەژین وازیان لە هەولدان بۆ بەهەشت هێناوە کە بەنرختر و بەردەوامترە!

﴿وَمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ﴾[1] واتە: ئەم ژیانەی دونیا تەنها ڕابواردنێکی بێهودەو یاری منداڵانە وە هەرچی ژیانی ڕاستەقینەیە و هەمیشەیە ژیانی ئاخیرەتە ئەگەر بزانن!

بۆیە وامەکەن ئاخیرەت لە دەست بدەین هەردەم بیرت با لای مردن بێت و خۆمان ماندوو بکەین بۆ الله چونکە بەڕاستی لە تاقیکردنەوەیەکی سەخت داینە بە تێکۆشان و ماندوو بون نەبێ دەرچوون لێی زۆر سەختە، بۆیە ئەی برایان وخوشکانم با بە ئاگا بێینەوە بۆ ئەوەی لە کەسانێك نەبین تەنها ئەهلی خۆشی و ڕابواردنی دونیایی کاتین.

﴿يَعْلَمُونَ ظَاهِرًا مِنَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ عَنِ الْآخِرَةِ هُمْ غَافِلُونَ﴾[2]واتە: تەنها شارەزای ژیانی ڕووکەشی دونیان بەڵام بێئاگان لە ڕۆژی دوایی.

با توێشوو بۆ قیامەت بەرێ بکەین تاکو بەهەشت بەدەست بێنین، لەم ڕۆژگارە خۆشیەکانی دونیا وای کردووە کە موسڵمان هەموو کارێکی تەنها بۆ دونیا بێ هەر وا گومان دەبەن ژیان بەسەر بردن لە دونیا بۆ یەکجارییە بۆیە بەس بۆ ڕابواردن و تێرکردنی نەفسیان هاتوونە دونیا و لێی دەرناچن و بە گومانی خۆیان وەکو چۆن خانوو، سەیارە، یان موڵکێك تاپۆ دەکەن لەسەر خۆیان کە بۆ هەمیشە دەبێت خاوەنی، بە هەمان شێوە وا دەزانن دونیاش ماڵی هەمیشەیی خۆیانە و تاپۆیە! بێئاگا لەوەی الله تعالى ئاگاداری کردوینەتەوە کە مانەوەمان بۆ هەتا هەتای نیە و ڕۆژێك بەناچاری ماوەی ژیانمان کۆتای پێدێت.

---

[1]- سورەتی العنكبوت ئایەتی ٦٤

[2]- سورەتی الروم ئایەتی ٧

﴿أفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾[1] واتە: ئایا گومانتان وادەبرد کە بە ڕاستی ئێمە ئێوەمان بە بێ مەبەست دروست کردووە و ئێوە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە؟!

جا ئەوەی گرنگە لەم ژیانە کۆکردنەوەی تێشووە بۆ ڕۆژی دوایی، تۆ ڕێبواری دەتەوێ بڕۆی بۆ شارێکی دوور ئەگەر هاتوو شتی پێویستت نەبرد لەگەل خۆت بۆ ئەم سەفەرە وەک: ئاو، خواردن و شتی پێویست ..هتد بێگومان لە ڕێگادا ماندو و هیلاك دەبی و تێدەچی بەهۆی دووری ڕێگاکە و برسیەتی و تێنوییەتی، توشی ناخۆشی و نارحەتی و ماندوو بوون دەبی و دەمریت.

ئینجا برا و خوشکانی بەڕێزم تۆش لە دونیا هەر وەک ئەم ڕێبوارەی کە سەفەرێکت لە پێشە دەبێ بێگومان کۆچی بۆ بکەی کە قیامەتی نەبڕاوەیە، باشترین خۆراک و خواردنەوە بۆ ئەم سەفەرە کۆکردنەوەی توێشووە کە بریتیە لە ترسان لە الله تعالى و چاکەکردن و پابەند بوون بە ئیسلامەوە .

﴿وَتَزَوَّدُوا فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَىٰ وَاتَّقُونِ يَا أُولِي الْأَلْبَابِ﴾[2] واتە: بەردەوام هەوڵ بدەن کە زەخیرەو توێشوو هەڵبگرن بێگومان چاکترین زەخیرەش تەقواو پارێزکاریە، بەردەوامیش لە من بترسن ئەی خاوەن بیرو هۆشەکان.

کەس نرخ و ڕێزی ژیانی کاتی دونیا نازانێت جگە کەسانێکی لە الله ترس چونکە باش لە مەبەست و مەرامی دونیا تێگەیشتوە کە کاتین و خزم و ناسیاوەکانی مردن و شارەزایە بە زانستی شەرعی بەم هۆیەوە بۆی دەر دەکەوێت کە دونیا تەنها ڕابواردنێکی کەمە هەر وەك خەوێکە کە هەستاوە ئیتر ڕۆژی قیامەتە، پاشان دەتوانن بۆ زیاتر تێگەیشتن و زانینی نرخی دونیا پرسیار لە مامە حاجی یەکی پیر کە سەر و ڕیشی سپی بووە، کە کاتی خۆی گەنجی مەیدان بوو لە جوانی ناوبانگ

[1]- سورەتی الؤمينون ئایەتی: ١١٥

[2]- سورەتی البقرة ئایەتی: ١٩٧

دەولەمەندی ماڵ و منداڵ لە هیچ ناز و نیعمەتێکی کەم نەبوو، بەڵام دونیا ڕۆژ بەڕۆژ ڕۆژگاری بەجێ دەهیشـــت بەڵام مامە حاجی بێئاگا بوو، هەر بەخۆشـی و جوانی و ناوبانگی نازو فیزی دەکرد وازی هێنا بوو لە فەرمانەکانی الله تعالی و بێئاگا بوو لەوەی دونیا شـوێنی تاقیکردنەوەیە، جا تاوەکو گەیشـتە ئەم ڕۆژگارەی پیری و پەکەوتەی، بۆیە هەرکەس ویستی خۆشـییەکانی دونیایی بۆ ڕوون بێتەوە بابچێتە لای ئەم مامە حاجیە کەمێ باسـی حالی خۆی بۆ بکات کەچەن خۆشـی بینیوە لە وەڵامی مامە حاجی بۆت، کوڕی خۆم: نازانم چۆن وەڵامت بدەمەوە من وا ئێســـتا تەمەنم بۆ هەشتاکان دەڕوات بەڵام ئەو تەمەنەی بەڕێم کرد لە خۆشی و ڕابواردن هیچی وا نەبوو کە تامی لێ بکەی، خۆشـی و گەڕان و ســووڕانی زۆرم بینی لە دونیا بەڵام گشتی وەکو چاو تروکانێك بوو تێبەڕی و هەموو ڕۆیشت !

ئەم کاتەی ئێستاش وا تێدام ناوەستێ دەڕوات بۆیە ئەی کوری شرینم وریابە ژیانی دونیا هەلتنەخەڵەتێنت، ئەی کوڕە زیرەکەم بزانە ئەوەی ئەو پاداشـــتەی لای الله تعالی لە دوارۆژ لە بری ماندوبوون و تێکۆشـــان لە تاقیکردنەوەی دونیا باشـــتر و نەبڕاوەترە لەم ژیانەی کەم و کاتییە، ئەوەی دێتە ناو دەســـتت لە ماڵ، پارە، ژن و منداڵ، ناوبانگ، دەســـەڵات و ســـوڵتە، هێز و جوانی ..هتد هەمووی کاتین و تێدەپەڕێت.

﴿فَمَا أُوتِيتُم مِّن شَـيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا﴾[1] واتە: ئینجا هەر شــتێك بە ئێوە بەخشراوە، لەزەت و بەهرەی ژیانی ئەم دونیایە، زۆر بەزوویی ئەڕوات و نامێنێتەوە. بەڵێ ئەی کوڕە نـازادارەکەم ئـاگاداربە ئەو تەمەنە نـاسـکەت لە ژیـانی دونیـا بۆ ڕەزامەندی اللهی خاوەن عەرش نەبێ مردن و تیاچوون باشترە، بۆیە گشت ترپە و ختوکەکانی دڵت کە لێدەدا با نیەتت ئەوە بێ بۆ الله بێت دڵنیابە بەختەوەر و سەرفراز دەبی و لە دوارۆژیش بە باشترین شێوە پاداشتت دەداتەوە،

---

[1]- سورەتی الشوری ئایەتی: ٣٦

﴿وَمَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰ لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾[1] واتە: ئەو پاداشت و بەخشـــشـــەش لای اللەیە بۆ ئەوانەی باوەڕیان هێناوە، وە بە پەروەردگاریان پشـــت ئەستوورن، باشتروو پایەدارترە.

بەڵێ ئەی براو خوشـــکانی بەڕێزم باش بزانن ئەم ژیانەی دونیا لەچاو قیامەت هیچ نیە هەر بۆیە ئەو کەسانەی پشـتیان لەبەرنامەی ئیسـلام کردبوو، ڕۆچووبوون لە و هەواو هەوســـیـان، هەموو ئـامـانجیـان ڕابواردنی ژیـانی دونیـا بوو، لە قیـامەت ســـوێند دەخۆن کە لە ژیانی دونیا هیچ نەژیاون تەنها چەن ســـاتێکی کەم نەبێ، ﴿وَيَوْمَ تَقُومُ السَّـــاعَـةُ يُقْسِـــمُ الْمُجْرِمُونَ مَـا لَبِثُوا غَيْرَ سَـــاعَـةٍ كَـذَٰلِـكَ كَانُوا يُؤْفَكُونَ﴾[2] واتە: ئەو ڕۆژەی کە قیامەت بەرپا دەبێت تاوانباران ســـوێند دەخۆن کە: بەدەر لە سـاتێك نەماونەتەوە لە دونیادا هەر ئاواش بوو لە دونیادا لا دەدران لە هەق، بۆ ناهەق و بەتاڵ.

کەچی لە دونیا حەفتا، هەشـــتا، ســـاڵ ژیاون ســـوێند دەخۆن هیچ نەژیاون تەنها چەند کات و سعاتێکی کەم نەبێت.

بەلام موســـڵمانی ڕاســـتگۆ و شـــوێنکەوتەی پێغەمبەری ئازیز ﴿ﷺ﴾ دەزانن ئەم ژیـانەی دونیـا تـاقیکردنـەوەیە و ڕۆژێک دێت دەگەڕێنەوە بارەگای الله تعالی بۆ لێ پرسینەوە لەو کارو کردەوەی کە کردوویانە.

﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْـــأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ﴾[3] واتە: ســـوێند بەپەروەردگارت ئەی موحەممەد! ﴿ﷺ﴾ لە هەمووان دەپرسین.

بەڵێ بۆیە خەمی خۆشی و ڕابواردنی دونیای نەبوو وەک ئەمانەی تر کە قیامەتیان بەدوور دەزانی و بێئاگا بوون لە تاقیکردنەوەی دونیا، دەیانزانی پرسـیار لە هەموو ئەو کار و کردەوەی دەکرێ لە ڕۆژی لەدایک بوونی تا دواساتی تەمەنی.

---

[1]- سورەتی الشوری ئایەتی: ٣٦

[2]- سورەتی الروم ئایەتی:٥٥

[3]- سورەتی الحجرات ئایەتی: ٩٢

﴿عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[1] واتە: لەو کاروکردەوەیە دەیانکرد.

کەوایە ڕەحمەتان لێبێت با لەو ساتەوە بڕیار بدەین خۆمان بۆ الله یەکلا بکەینەوە و با دڵەکانمان خاوێن بکەینەوە لە ژەنگی تاوان کە بۆتە هۆی بەربەست لە دابڕانمان لە کاروانی چاکەکاران، با مەردی الله بین ئەو تەمەنەی بەڕێمان کردوە کە لەبێ فەرمانی و تاوان با لەئێستاوە کە نازانین چەن ساڵێک تەمەن ماوە و مردن نەبۆتە میوان قەرەبووی بکەینەوە بە الله پەرستی چونکە ژیان بەسەربردن یەکجارە جارێکی تر ناتوانی بگەڕێیەوە بۆ دونیا بۆیە ئەم یەکجارە با بکەین بە قوربانی و سووتەمەنی ڕێگای الله تعالى، بۆ الله ژیان بکەینە ئامانج تا پێمان ببەخشێ خەلاتە نەبڕاوەکەی کە بەهەشتی بێ کۆتایە.

[1]- سورەتی الحجرات ئایەتی: ٩٣

بەهەشت تێكۆشان و ماندووبوونی دەوێ

برا و خوشكانی من ڕەحمەتت لێبێت بیزانە هەموو كار و تاقیكردنەوەیەك پێویستی بە كۆشش و ماندوبوون و هەوڵدانە بۆ بەدەست هێنانی پلە و ئامانجێكی دیاری كراو و دەرچوون تیایدا، ئینجا لەبەر ئەوەی ژیانی دونیاش تاقیكردنەوەیە، بۆیە دەبێ ئاگاداری ئەم تاقیكردنەوەیە بین چونكە یەكجارە و دەوری دووەمی نیە، كە مردین دووبارە گەڕانەوەمان بۆ نیە، دونیا ژیانێكی كەم و كورتە، الله تعالی بۆ ئەوە دروستكردووە تاكو مرۆڤەكان تاقی بكاتەوە داخۆ كێ گوێڕایەڵی دەكات و خۆی ماندوو دەكات و كێ بێفەرمانی دەكات خۆی لێ بێئاگا دەكات.

﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا﴾[1] واتە: ئەو زاتەی كە مردن و ژیانی داهێناوە تا تاقیتان بكاتەوە كە كردەوەی كامتان چاكترە.

كەواتە ژیانی دونیاش وەكو تاقیكردنەوەی قوتابی لە قوتابخانە پێویستی بە خۆ ماندوو كردن و زەخیرە دانان هەیە.

بۆیە ئەگەر سەیر بكەین الله تعالی لە قورئاندا لە زۆر جێگە پێمان ڕادەگەیەنێ و بیرمان دەخاتەوە كە خۆمان بۆ ئەو تاقیكردنەوەیە ئامادە بكەین و تووێشووی بۆ دابنێین و بازووی كاركردنی بۆ لێ هەڵبكەین پێش ئەوەی پەشیمان بینەوە لە دواڕۆژ و ماوەی كاتی تاقیكردنەوەی دونیامان تەواو بێ و لە دەستمان بچێت و حەسرەت و داخی بۆ بخۆین.

---

[1]- سورەتی الملك ئایەتی:٢

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنظُرْ نَفْسٌ مَّا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ. وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ. لَا يَسْتَوِي أَصْحَابُ النَّارِ وَأَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمُ الْفَائِزُونَ﴾[1] واتە: ئەی ئەوانەی بڕواتان هێناوە لە الله تعالى بترسن، وە هەرکەسێ با سەرنج بدا داخوا چی بۆ بەیانی (ڕۆژی قیامەت) پێش خسووە، وە لە الله بترسن، بەڕاستی الله ئاگادارە بەوەی دەیکەن، وە وەک ئەوانە مەبن کە اللەیان لە بیر کردووە وە اللەش خۆیانی لەبیر خۆیان بردۆتەوە، هەر ئەوانەن بەدکاران، دانیشتوانی دۆزەخ و دانیشتوانی بەهەشت وەک یەک نین، هەر دانیشتوانی بەهەشت سەرکەوتوو و ڕزگارن.

بەڵام بەداخەوە هەروەک چۆن هەندێ قوتابی تەمبەڵ لە قوتابخانە خۆیان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە ناکەن دەبینین خەڵکێکی زۆر هەن، بێغەم پاڵیان لێداوەتەوە و دەستە و ئەژنۆ لێی دانیشتوونە و هیچ غەمێک لە زەخیرەی ڕۆژی قیامەتیان ناخۆن، بەڵام ئەوانەش لە ڕۆژی قیامەت پەشیمان دەبنەوە و دەستی خۆیان دەگەزن بەڵام ئەوکاتە سوودی نیە.

﴿كَلَّا إِذَا دُكَّتِ الْأَرْضُ دَكًّا دَكًّا، وَجَاءَ رَبُّكَ وَالْمَلَكُ صَفًّا صَفًّا، وَجِيءَ يَوْمَئِذٍ بِجَهَنَّمَ يَوْمَئِذٍ يَتَذَكَّرُ الْإِنسَانُ وَأَنَّى لَهُ الذِّكْرَى، يَقُولُ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي، فَيَوْمَئِذٍ لَّا يُعَذِّبُ عَذَابَهُ أَحَدٌ، وَلَا يُوثِقُ وَثَاقَهُ أَحَدٌ، يَا أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ، ارْجِعِي إِلَى رَبِّكِ رَاضِيَةً مَّرْضِيَّةً، فَادْخُلِي فِي عِبَادِي، وَادْخُلِي جَنَّتِي﴾[2] واتە: نەخێر (بگەڕێنەوە) کاتێ کە زەوی داکوترا کە بە داکوتانێکی توندی یەک لە دوای یەکی، وە

[1] - سورەتی الحشر ئایەتی: ١٨- ٢٠١٠.

[2] - سورەتی الفجر ئایەتی: ٢١-٣٠.

پەروەردگارت و فریشتەكانیش پۆل پۆل هاتن، وە لەو ڕۆژەدا دۆزەخ دەهێنرێت (تا كافرەكان ببینن) لەو رۆژەدا مرۆڤ یادەوەری ئەكات(و كردەوە بەد و ناشیرینەكانی بیر ئەكەوێتەوە و دەیەوێت تۆبە بكات) بەڵام لە كوێ ئەم یادەوەریە سوودێک بەو ئەدات؟ !دەڵێ خۆزیا لە دونیا كردەوەی چاكەم بۆ ئەمڕۆژە بناردایە، لەو رۆژەدا كەس وەكو الله سزای توند و تیژ نادات، وە كەس پێوەندی كەس ناكات وەكو پێوەند كردنی الله (ئەمە سەبارەت بە كافر و دوور لەخوایان، بەڵام ئیمانداران وانین)

ئەی نەفسی كەس دڵنیا بووی ئیماندار بەڕازی بوویی لێ ڕازیبونەوە، بگەڕێوە لای پەروەردگارت ئینجا بچۆ ڕیزی بەندە چاكە كارەكانمانەوە و بچۆ بۆ بەهەشتی منەوە. بەڵێ كاتێك دونیا خراپ بوو گەڕاینەوە بۆ لای الله تعالی، ئەو كات هیچ عوزرێكمان قبوڵ ناكرێت، چونكە تازە كار لەكارترازاوە و اللهی خاوەن عەرش تەمەنێكی زۆری پێداین، حەفتا هەشتا ساڵ لە دونیا ژیان، بەڵام هیچ بیرمان نەدەكردەوە كە ڕۆژێكمان لە پێشە دەبێ بمرین و بگەڕێنەوە، بزانە الله تعالی لە دوارۆژ بیرمان دێنێتەوە دەفەرمووێ: ئایە ماوەیەكی درێژ تەمەنمان پێنەدان، بۆ ئەوەی بیر بكەنەوە بۆچی بیرتان نەدەكردەوە.

﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ﴾[1]. واتە: لە وەڵامیاندا الله دەفەرموێت: ئایا ئەوەندە تەمەنمان پێ نەبەخشین؟ ئەوەی بیەوێت بیرێك بكاتەوە تیایدا بیربكاتەوە؟!

[1] - سورەتی فاطر ئایەتی (٣٧)

بەڵێ هەتا لە دونیا بوون تەنها کاریان دژایەتی و بێ فەرمانی الله تعالى بوو، هیچ خۆیان ماندوو نەدەکرد لە دونیا کە لە تاقیکردنەوە دانە، بۆیە هیچ بەهانەیەکیان بۆ نیە، الله پرسیارت لێدەکات ئەی بەندەکەم ئایە لە دونیا تەمەنێکی زۆرم پێت نەخشی لە چی بەسەرت برد.

پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) دەفەرمووێت: لە ڕۆژی دوایی قاچی هیچ بەندەیەك لە جێگای خۆی ناجوڵێ تا چوار پرسیاری لێ نەکرێت.

(لاتَزُولُ قَدَمَا بْنِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ أَرْبَعٍ: عُمُرِهِ فِيمَاأَفْنَاهُ)[1]. واتە: لە ڕۆژی دوایی قاچی هیچ بەندەیەك لاناکەوێت تا چوار پرسیاری لێ نەکرێت تەمەنی لە چی بەسەر برد؟.

بۆیە ئەی ئەو کەسەی بەردەوامی لە سەرپێچیکردنی فەرمانی الله تعالى تکایە وریابەوە و خۆت ماندوو بکە بۆ بەدەست هێنانی بەهەشت و لە سنور بەزاندنی الله بترسە چونکە لە قیامەت لە بارەگای اللەی کارزان بێ پشتیوان و بێکەسین مەگەر کەسێك الله ڕەحمی پێ بکات.

کەوایە تاکەی واز ناهێنیت لە سەرپێچکردن و دژایەتی دینی الله و خۆماندوو نەکردن و تێکۆشان بۆ تاقیکردنەوی دونیا، بزانە لە دوارۆژ هەموو کەس غەمی خۆیەتی ڕزگاری بێت لەسزای الله، هیچ کەس سوودی بۆ کەس نیە تەنها بەرگری لە خۆی دەکات.

[1] - (رواه الترمذي في كتاب صفة القيامة والرقائق والورع، ٤/ ٦١٢ (٢٤١٧)، والدارمي في المقدمة، ١/ ١٤٤، و أبو يعلى ١٣/ ٤٢٨ (٧٤٣٤).

﴿يَوْمَ تَأْتِي كُلُّ نَفْسٍ تُجَادِلُ عَنْ نَفْسِهَا وَتُوَفَّى كُلُّ نَفْسٍ مَا عَمِلَتْ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾[1]. واتە: لە ڕۆژی قیامەت هەموو كەس غەمی خۆیەتی، لەسەر نەفسی خۆی مشتومڕ و دەمەقاڵێ دەكات بەرگری لە خۆی دەكات، پاكانە بۆ خۆی دەكات، گوێ بەكەسی تر نادات، ئەو ڕۆژە هەركەس پاداشتی كردەوەكانی دەدرێتەوە و ئەو خەڵكە ستەمیان لێ ناكرێت.

بەڵێ غەمی خۆیەتی ڕزگاری بێت لە ئاگر و سزای پڕ ئێش، حەقی بەكەس نیە غەمی بۆ كەس نیە تەنها خۆی نەبێت، ئینجا هەموو نەفسێك دووشاهێدی لەگەڵە لەڕۆژی دوایی دا، بەڕاستی هیچ عوزر و بیانوویەك نامێنت لە قیامەت بۆ ئەوانەی خراپەكار و دوور لە بەرنامەی ئیسلام سەراپای ژیانی دونیایان بەڕێكرد.

﴿وَجَاءَتْ كُلُّ نَفْسٍ مَّعَهَا سَائِقٌ وَشَهِيدٌ﴾[2]. واتە: ڕۆژی قیامەت دێت و هەموو كەسێک دوو شاهێدی لەگەڵدایە، یەكێكیان دەیگەیەنێت و ئەوەی تریشیان شایەتە بەسەریەوە.

بەڵێ دوو شاهێدی لەگەڵە یەكیان دەڵێت: ئەی پەروەردگارم فڵانە كەس ئەو تاوانەی كردووە، كەسێكی بەناحەق تووشی كێشە كرد، زوڵمی كرد، نوێژەكانی نەئەكرد، یان ئەو كارە چاكەو خراپەی كرد، بێغەم پاڵی دابوویەوە و هەر خەریكی خۆشی و ڕابواردن و تێركردنی نەفسی بوو، ئەوەی تر شاهێدە دەڵێت: ئەی پەروەردگارم ڕاست دەكات من شاهێدم.

---

[1] - سورەتی النحل ئایەتی (١١١).
[2] - سورەتی ق ئایەتی (٢١).

بەڵێ هەموو بەڵگەو نهێنیەکانیان لایە، و هیچ پشت و پەنایەکت نیە ڕزگارت بکات چونکە هەرچیت کردووە لە ڕۆژی لە دایك بوون تاکاتی مردن هەموویان نووسیوە، ئەو کاتی رۆژی ئاشکرابوونی گشت نهێنی و شتە شاراوەکانە.

﴿يَوْمَ تُبْلَى السَّرَائِرُ﴾[1]. واتە: ئەو ڕۆژەی کە هەموو نهێنیەکان دەردەکەوێت و ئاشکرا دەکرێت.

بەلام بەداخەوە مرۆڤەکان زۆر بێئاگابوون و لەڕاستی و حەق لایان دابوو، خۆشی و هەلاو بەزمی دونیا بێ ئاگایی کردبوو لە ڕێگای ئیسلام و تێکۆشان بۆ ڕۆژی دوایی.

﴿لَّقَدْ كُنتَ فِي غَفْلَةٍ مِّنْ هَٰذَا فَكَشَفْنَا عَنكَ غِطَاءَكَ فَبَصَرُكَ الْيَوْمَ حَدِيدٌ﴾[2]. واتە: بەیەکە یەکەی بێ باوەڕان دەوترێت: بەڕاستی تۆ لەم سەرەنجامە بێ ئاگابوویت و گوێی خۆتت لێ خەواندبوو، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێک وەکو خۆی دەبینیت و ئەمڕۆ چاوەکانت تیژە هەموو شتێك ئەبینی ئەوەی کە لە دونیا لێتەوە نادیار بوو ئێستا هەموو ئەبینی.

بەڵێ جا ئەو کەسەی لە دونیا بۆ الله ژیا و خۆی ماندوو کرد لە تاقیکردنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەهەشت، ئامادە نەبوو قیامەتی کە ژیانێکی هەتا هەتاییە بدۆڕێنێ بۆ دونیایەکی کاتی، بەڵێ بە بێگومانی ئەمانە جێگایان بەهەشتە.

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا﴾[3]. واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکەیان ئەنجامداوە،

---

[1] - سورەتی طارق ئایەتی (٩).

[2] - سورەتی ق ئایەتی (٢٢).

[3] - سورەتی الکهف ئایەتی (١٠٧).

ئێمە هەر لە زووەوە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادە کردوون، تا لەوێ دابەزن و ژیانی کامەرانی تیایدا بەرنەسەر.

بە پێچەوانەوە ئەوانەی سەرتاپای ژیانیان بێفەرمانی الله تعالی بوو، هەموو ئامانجیان دژایەتی ئیسلام و موسڵمانان بوو، ئاگری دۆزەخ شوینیانە.

﴿فَأَلْقِيَاهُ فِي الْعَذَابِ الشَّدِيد﴾[1]. واتە: کەواتە ئێوە هەردووکتان ئەو ئادەمی یە فرێ بدەنە ناو سزای زۆر سەختەوە.

چونکە ئەوانە دژایەتی دینی ئیسلامیان کردووە و بوونەتە دڕکو و داڵی سەر ڕێگای بانگخوازانی ڕێگای یەکخواپەرستی (التوحید)، ئەی ئەوانەی شەو و ڕۆژتان داناوەتە سەر یەك بۆ دژایەتی ئیسلام و موسڵمانان، ئەی ئەوکەسانەی دڵتان بە دونیاییەکی کاتی خۆشە، ئەی گەنجەکان ئەوانەی ماوەیەکە بەخۆتان ئەنازن وازتان هێناوە لە تێکۆشان بۆ دوارۆژی نەبڕاوە، با کەمێک بیر بکەینەوە لەگەڵ هۆش و ئەقڵمان، بۆ ئەو ڕۆژەی دەگەڕێینەوە بارەگای اللهی کارزان، زانیمان ئەوانەی لە دونیا خۆیان ماندو نەکرد ئاگر پاداشتیانە (پەنا بە الله)، جا بیربکەوە لەوکاتەی بەرەو ئاگری دۆزەخ ڕادەکێشرێن و بەرێ دەکرێن.
﴿وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَاءُ اللَّهِ إِلَى النَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ﴾[2]. واتە: ئەی پێغەمبەر ﴿ﷺ﴾ باسی ئەو ڕۆژە بکە بۆ گەلەکەت کە نەیارو دوژمنانی الله بەرەو ئاگری دۆزەخ کۆ ئەکرێنەوە جا بەڕیز ڕائەگیردرێن و دەستە دەستە بەرێدەکرێن بۆ ئاگر.
بەڵێ لەو کاتە کەسێک نیە ڕزگارمان بکات لەو ناخۆشی و سزاییە، بەڵکو ئەندامانی لاشەمان شاهێدی لەسەر سەرجەم خراپەکاریەکانمان دەدەن.

[1] - سورەتی ق ئایەتی (٢٦).
[2] - سورەتی الفصلت ئایەتی (١٩).

﴿حَتَّى إِذَا مَا جَاءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَارُهُمْ وَجُلُودُهُمْ بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[1]. واتە: کاتێك کە لە ڕۆژی قیامەتدا دێن و ڕادەگیرێن و الله تعالى مۆر ئەدات لەسەر زمانیان، وە گوێ و چاو و پێستیان شایەتیان لەسەر ئەدەن لەو کردەوە خراپانەی کە کردوویانە.

بەڵێ هەموو ئەندامەکانی لاشەمان شایەتی لەسەر کردەوەکانمان ئەدەن، زمان لەسەر درۆ، غەیبەت، بوختانکردن بۆ موسڵمان، چاو لەسەر سیخوڕی و جاسوسیکردن بۆ تاغوتان، نەزەر کردن، هەر هەموو لاشەمان دێنە گۆ گەواهی ئەدەن لە بەرامبەر اللهی خاوەن عەرەش، بزانە لەو کاتە خراپەکاران هەڵوێستیان چی دەبێت بەرامبەر لاشەیان کاتێ هەموو شتێك ئاشکرا دەکەن.

﴿وَقَالُوا لِجُلُودِهِمْ لِمَ شَهِدْتُمْ عَلَيْنَا﴾[2]. واتە: بە گلەییەوە لۆمەی پێستەیان دەکەن ئەڵێن: بۆچی بە زیانی ئێمە گەواهیتاندا ؟ خۆ ئێمە لەئێوە بەرگری ئەکەین!.

پاك و بێگەردی بۆ الله بەڵام لاشەیان هەموو کار و کردەوەیەکی نهێنی و ئاشکرا دەخاتە ڕوو، ئینجا بزانە ئەندامەکانی دەبێت وەڵامی چی بێت.

﴿قَالُوا أَنْطَقَنَا اللَّهُ الَّذِي أَنْطَقَ كُلَّ شَيْءٍ وَهُوَ خَلَقَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ وَإِلَيْهِ تُرْجَعُونَ﴾[3].

واتە: ئەڵێن: ئەو اللهی کە هەموو شتێکی هێناوەتە قسەو گۆ، ئێمەیشی بەقسە هێنا. واتە: بە ئارەزووی خۆمان نەبوو، ئیتر بۆچی گلەییمان لێ ئەکەن؟ هەر ئەویشە بۆ یەکەمجار لەنەبوونەوە ئێوەی بەدیهێنا و هەر بۆلای ئەویش دەگێڕدرێنەوە.

ئیمامی موسلیم لە هاوەڵی ئازیز ئەنەسەوە (ڕەزای الله تعالى لێبێت) ئەڵێ: جارێك پێغەمبەر ئازیز ﴿ﷺ﴾ پێکەنی! فەرمووی: **(هَلْ تَدْرُونَ مِمَّ أَضْحَكُ؟)** ئایا ئەزانن لەبەرچی پێ ئەکەنم؟!.

---

[1] - سورەتی القصلت ئایەتی (٢٠).

[2] - سورەتی الفصلت ئایەتی (٢١).

[3] - سورەتی الفصلت ئایەتی (٢١).

گوتمان: الله تعالى پاشان پێغەمبەرەکەی (ﷺ) ئەزانن، فەرمووی: **(مِنْ مُخَاطَبَةِ الْعَبْدِ رَبَّهُ يَقُولُ : يَا رَبِّ أَلَمْ تُجِرْنِي مِنْ الظُّلْمِ ؟ قَالَ يَقُولُ بَلَى. قَالَ فَيَقُولُ فَإِنِّي لَا أُجِيزُ عَلَى نَفْسِي إِلَّا شَاهِدًا مِنِّي،قَالَ فَيَقُولُ: كَفَى بِنَفْسِكَ الْيَوْمَ عَلَيْكَ شَهِيدًا، وَبِالْكِرَامِ الْكَاتِبِينَ شُهُودًا. قَالَ فَيُخْتَمُ عَلَى فِيهِ فَيُقَالُ لِأَرْكَانِهِ: انْطِقِي، قَالَ فَتَنْطِقُ بِأَعْمَالِهِ قَالَ ثُمَّ يُخَلَّى بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْكَلَامِ قَالَ فَيَقُولُ: بُعْدًا لَكُنَّ وَسُحْقًا فَعَنْكُنَّ كُنْتُ أُنَاضِلُ)**[1].

واتە: لە قسەو گفتوگۆی بەندەیەك لەگەڵ الله تعالى ئەڵێ: ئەی پەروەردگارم ئایا بڕیار نەبوو لە ستەم پەنام بدەیت. الله تعالى ئەفەرمووێ: بەڵێ بڕیار وابوو!

ئەوسا بەندەکە ئەڵێ: دە من بۆ ئەوە لە خۆم نەبێ شایەد قبووڵ ناکەم، الله تعالى ئەفەرمووێ: هەر خۆت بەشایەت بەسیت، ئەڵێ: ئەوجا مۆر لەسەر دەمی دەدرێ، جا بەئەندامەکانی لاشەی دەوترێ: ئادەی ئێوە قسە بکەن! ئەوانیش دێنە قسەو، مۆڵەت دەدرێ، ئەوجا پێیان ئەڵێ: دەك دوور بن لە ڕەحمەتی اللهوە دوور بن و تیابچن، خۆ من لەئێوە دیفاع و بەرگریم ئەکرد.

ئینجا براو خوشکانی من با لە ئیستاوە واز لە دژایەتی بەرنامەی ئیسلام و تاوانکردن بێنین کە دەبنە هۆی چوونە ئاگری دۆزەخ پەنا بە الله تعالى.

با موحاسەبەی نەفسی خۆمان بکەین، خۆمان ماندوو بکەین بۆ ئەو تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا و ڕێگری بکەین لە کاری خراپ و سنور بەزاندنی سنوری الله تعالى، پێش ئەوەی بەهۆی کردەوەکانمان لێپرسیەوەمان لەگەڵ بکرێت و، سزا بدرێن بە ئاگری دۆزەخ، کەوابوو تا لە ژیانین نەمردووین بابگەڕێینەوە بۆ باوەشی بەرنامە جوانەکەی ئیسلام، با هەمیشە قیامەت و ترسی الله تعالى مان لە بیر بێت، تا لە دوارۆژ ئەندامەکانی لاشەمان شایەتی چاکەمان بۆ بدەن و دووربین لە ئاگری دۆزەخ و بۆ ئەوەی بەهەشتی نەبڕاوە مسۆگەر بکەین بە ویستی الله تعالى.

---

[1] - بڕوانە: مسلیم. ژمارەی فەرمووده: (٥٢٧١).

سەرەنجامی کەسی ئیماندار و بێ باوەڕ چیە

ئەم ژیانەی دونیا مانەوەی تێیدا بۆ مرۆڤەکان پاشەڕۆژ و سەرەنجامێکی ڕوونی نیە جێگای ئومێد و دڵخۆشی بێت بەوەی ژیانی هەمیشەی ببەیە سەر، بەڵکو مانەوەی گشت خەڵکی کاتییەو ڕۆژێکی بۆ دیاری کراوە، بەفەرمانی الله تعالی بۆ دەرچوون لەم دونیایە بۆ شوێن و مەنزڵگای هەمیشەیی کە قیامەتە.

﴿وَمَا كَانَ لِنَفْسٍ أَنْ تَمُوتَ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ كِتَابًا مُؤَجَّلًا﴾[1]. واتە: وە هیچ کەسێکیش نیە کە بمرێ تەنها بە ئیزنو فەرمانی الله تعالی نەبێ کە نووسراوە و کاتەکەی دیاریکراوەو پێش و دوا ناکەوێ.

ئینجا لە قیامەت دوو شوێن و جێگا ئامادە کراون، بۆ دوو دەستە لە خەڵکی، دەستەو کۆمەڵی الله تعالی، پاشان دەستەی بێ بڕوایان و تاوانباران، لە بری چاکەکردن لە تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا بۆ ڕەزامەندی اللّەی خاوەن عەرش، وە لە بری سەرپێچی و فەرامۆشکردنی فەرمانەکانی الله تعالی، و گرتنەبەری ڕێگای گومڕایی و دژایەتی ئاینی ئیسلام و موسڵمانان، ئەم دوو شوێنە ناونراون بە (بەهەشت)، (جەهەننەم).

﴿وَتُنْذِرَ يَوْمَ الْجَمْعِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۚ فَرِيقٌ فِي الْجَنَّةِ وَفَرِيقٌ فِي السَّعِيرِ﴾[2]. واتە: ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بیان ترسێنە لە ڕۆژی قیامەت کە ڕۆژی کۆکردنەوەی سەرجەم خەڵکییەو هیچ گومانێکی تیادا نیە لەو ڕۆژەدا خەڵکی ئەبنە دوو کۆمەڵ: کۆمەڵێك بۆ بەهەشت کە باوەڕدارانن، وە کۆمەڵێکیش بۆ ئاگری سووتێنەری دۆزەخ کە بێباوەڕانن.

ئینحا ژیان بەسەربردن لەم دوو شوێنە ڕوونە و سەرەنجام و پاشەڕۆژی دیاری کراوی هەیە کە مانەوەی هەمیشەییە.

---

[1] - سورەتی ال عمران ئایەتی (١٤٥).
[2] - سورەتی الشوری ئایەتی (٧).

هەر کەسێك خۆی ماندوو نەکردبێ بۆ تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا سەراپای ژیانی تاوان و دژایەتی دینی ئیسلام بێت، هەمیشە لە هەوڵی پیلان و تەڵەکەبێ بۆ موسڵمانان، دڵی ڕەشبێ بەرامبەریان الله تعالی ئاگر دەکاتە شوێنی مانەوەی.

﴿بَلَى مَن كَسَبَ سَيِّئَةً وَأَحَاطَتْ بِهِ خَطِيئَتُهُ فَأُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[1]. واتە: نەخێر وانییە، ئەو کەسەی گوناهو تاوان ئەنجام بدات و تاوانەکانی هەموولایەکی دابگرێت (ئاشکراو نادیاری) ئەو جۆرە کەسانە نیشتەجێی ئاگری دۆزەخن و بۆ هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە.

بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی تەمەنی خۆیان لە دونیا بۆ ڕەزامەندی الله تعالی و لە خزمەتی ئیسلام پیر کرد، گشت کاروکردەوەیەکی تەنها بۆ ڕەزامەندی الله بوو بە دڵسۆزی، بێوچان تێکۆشانی دەکرد لە ژیانی ئەوە الله تعالی پاداشتیان بە باشترین شێوە دەداتەوە لە دوواڕۆژ.

﴿وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ أُولَئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[2]. واتە: ئەو کەسانەش باوەڕیان هێناوەو کردەوە چاکەکان ئەنجام دەدەن، هەر ئەوانن نیشتەجێی بەهەشتن و تیایدا ژیانی هەتا هەتایی دەبەنە سەر.

بڕواداری ڕاستگۆی شوێنکەوتەی سەر ڕاستی ئیسلام لە ژیانی دونیا بۆ سەرەنجامێکی نەبڕاوە تێدەکۆشێ، لە تاقیکردنەوەی دونیا هەوڵ و تەقەلا دەکات بە دڵسۆزی بۆ گەیشتن بە ئارامگای دواڕۆژ کە بەهەشتە، چونکە دەزانێ بەمانەوە تێیدا ژیانێکی هەمیشەیی بۆ هەیە، لە بەرامبەر ژیانی کەمی دونیا کە بەردەوام لە برسی بوون و نەبوونی و غەم و خەفەت دایە، بەڵێ بۆ ئەو بەهەشتە تێدەکۆشێت کە خۆشی و ناز و نیعمەتەکانی بێ کۆتایین، هەروەك پێغەمبەری ئازیزمان ﴿ﷺ﴾ لەو بارەیەوە دەفەرمووێ:

---

[1] - سورەتی البقرة ئایەتی (٨١).

[2] - سورەتی البقرة ئایەتی (٨٢).

عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (ﷺ) عَنِ النَّبِيِّ(ﷺ) قَالَ: (مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَنْعَمُ لَا يَبْأَسُ، لَا تَبْلَى ثِيَابُهُ وَلَا يَفْنَى شَبَابُهُ)[١]. واتە: ئەبو هورەیرە (ڕەزای الله تعالی لێبێت) دەڵێ: پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) فەرموویەتی: هەر کەس بچێتە بەهەشتەوە هەمیشە بەهرەمەند دەبێت و تەنگ ژیانی بەسەردا نایەت، نەجل وبەرگی داڕزاو دەبێت و نەتافی لاویشی بەسەر دەچێت.

بۆیە ئەزانێت ئەم ژیانەی دونیایە کاتییە و بۆ تاقیکردنەوە الله تعالی دروستی کردووینە و ڕۆژێکمان لە پێشە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ لای اللەی خاوەن عەرش، بۆیە هەوڵدەدات و خۆی ماندوو دەکات بۆ تاقیکردنەوەی دونیا و هەمیشە بۆ سەرکەوتن تێدەکۆشێت، چونکە زانیویەتی الله تعالی پەیمانی داوە بەوانەی کە تەنها بەندایەتی بۆ ئەو دەکەن بەهەشت و ناز و نیعمەتەکەی دەکاتە خەڵاتییان. هەر بۆیە ئەهلی بەهەشت، کە چوونە ناو بەهەشت، دەپرسن لەوانەی لە دونیا خۆیان ماندوو نەکرد لە تاقیکردنەوە و تێکۆشان بۆ ڕەزامەندی الله تعالی و بەردەوام لە بێئاگایی و دژایەتی ئیسلامیان دەکرد، گاڵتەیان دەکرد بە ئیسلام و موسڵمانان، باوەڕیان بە قیامەت و مردن نەبوو، پێیان دەڵێن: ئایە اللەی خاوەن عەرش ئەو بەڵێنەی پێدابوون لە دونیا کە بەندایەتی بۆ نەکەن و پابەندی بەرنامەی ئیسلام نەبن و تاقیکردنەوەی دونیا بەکەم بزانن شوێنتان ئاگری دۆزەخ دەبێ، ئایە گەیشتن بە پەیمانی اللەی کارزان کە جێگاتان ئاگر دەبێ ؟! ئێمە وا لە بەهەشتین بەلێنی اللەی خاوەن عەرش ڕاست و حەق بوو پاداشتی خۆمان وەرگرت.

---

[١] - (صحيح مسلم - الجنة وصفة نعيمها وأهلها، ژمارەی فەرموودە: (٢٨٣٦).

﴿وَنَادَىٰ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ أَصْحَابَ النَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا قَالُوا نَعَمْ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ اللَّهِ عَلَى الظَّالِمِينَ﴾[1]. واتە: پاشان نیشتەجێیانی بەهەشت بانگی نیشتەجێکانی دۆزەخیان کرد: بەڕاستی ئەو بەڵێنەی کە پەروەردگارمان پێی دابووین دەستمان کەوت و پێی بەخشین، ئایا ئێوەش ئەو بەڵێنەی کە پەروەدگارتان دابووی بەڕاستی دەستان کەوت؟! (لە وەڵامدا بەدڵ شکاوی و غەم و پەژارەیەکی زۆرەوە) گوتیان: بەڵێ. ئەوسا جارچیەك جاڕیدا لە نێوانیاندا و هاواری کرد: نەفرەتی الله لە ستەمکاران بێت.

بەڵێ ئەو کەسەی ژیان و خەم و ماندووبونی لە دونیا بۆ ئەوە بوو لە تاقیکردنەوەی الله تعالی سەرکەوتوو بێ و هەمیشە گوێڕایەڵی فەرمانی الله بوو، غەمی ئەو بۆ ماڵی دونیا و خۆشییەکانی خانوی کامڵ مواسەفات و سەیارەی مۆدێل بەرز، بوون بە خاوەنی کارگە و شوقە و شوێنی گەشتیاری نەبوو، بەڵکو غەم و خەفەتی ئەو لە دونیا ئەوە بوو لە تاقیکردنەوەی الله لە ژیان سەرکەوتوو بێت و خۆی دەپارێزێ لە بە پێشێلکردنی فەرمانەکانی الله، هەمیشە هەوڵ دەدات بە دڵسۆزی و نیەت پاکی عیبادەت و بەندایەتی ئەنجام بدات، زەخیرەی چاکە و کردەوە باشەکانی بە خشوع و تەقوا لە قوتابخانەی ئیسلام بۆ پاشەڕۆژی ڕەوانە بکات تا سەرفرازی بەدەست بێنێ، گەر خاوەنی هیچ نەبێ لە ژیانی دونیا ژەمە خواردنێکی خۆش یا قەنەفەو کورسی مۆدیل بەرز و نەرم، سەیارە و خانوی چەندان قاتی بەڵکو خانویەکی هەبێ بیپارێزێ لە سەرما و گەرما ڕایەخێکی تێدابێ لەسەری دابنیشێ تەواو، بۆیە لای الله بەرنادات هەمیشە بەندەی اللهیە، ئەم جۆرە کەسانە سەرەنجامیان تەنها بەهەشتە.

---

[1] - سورەتی الاعراف ئایەتی (٤٤).

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَأَخْبَتُوا إِلَىٰ رَبِّهِمْ أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ الْجَنَّةِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾[1]. واتە: بەڕاستی ئەوانەی بڕوایان هێناوە و کردەوە چاکەکانیشیان ئەنجامداوەو گەڕاونەتەوە بۆ لای پەروەردگاریان و ملکەچ و دڵ ئارام بوون لە بەرامبەر فەرمانەکانی، ئا ئەوانە خاوەن و نیشتەجێی بەهەشتن و بە هەتا هەتایی تیایدا دەمێننەوە.

بۆیە ئەی بەندەی الله بزانە بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی الله تعالی و بەهەشت دەبێ لە تاقیکردنەوەی دونیا هەوڵ و تێکۆشان و ماندووبونی بۆ بدەی، تەنها قسە نەبین بەبێ کردەوە، بەڵکو دەبێ کردەوەشمان هەبێت، تاوەکو بەهەشت بەدەست بێنین، بزانە چۆن الله تعالی باسی ئەوانە دەکات، کە لە بەهەشت گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ یەکتر، کە لە ژیانی دونیا چۆن بۆ الله ژیان چەن ئەزیەت و نارەحەتیان چەشتوە و، چەند ماندوو هیلاك بوون بە تاقیکردنەوە و ئەزیەت و ئازاردران لەسەر دینی ئیسلام.

﴿وَ أَقْبَلَ بَعْضُهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ يَتَسَاءَلُونَ﴾[2]. واتە: وە هەندێك لە بەهەشتییەکان ڕوو ئەکەنە هەندێکیان وە پرسیار لە یەکتری ئەکەن دەربارەی کردەوەکانی دونیایان.

بەڵێ دەربارەی کردەوەکانیان قسە لەگەڵ یەکتر دەکەن، لە دونیا کە کردوویانە، خۆزگە دەخوازن خزم و دۆستەکانیان ڕێگای ڕاستیان گرتبایە بەر، تاوەکو ئەوانیش لەو خۆشیە لەگەڵیان بونایە، بەڵام ئەوان گوێڕایەڵ نەبوون بۆ بەرنامەی ئیسلام بۆیە سەرەنجامی خۆیان وێران دەکەن.

﴿ قَالُوا إِنَّا كُنَّا قَبْلُ فِي أَهْلِنَا مُشْفِقِينَ﴾[3]. واتە: سەرەنجام هەموو بەیەک دەنگ دەڵێن: بەڕاستی ئێمە پێشتر لەناو کەسوکاری خۆماندا لە دونیادا لە سزای الله

---

[1] - سورەتی هود ئایەتی (٢٣).
[2] - سورەتی الطور ئایەتی (٢٥).
[3] - سورەتی الطور ئایەتی (٢٦).

تعالی ئەترساین، هەروەها بەبەزەییش بووین لەناویاندا و مەبەستمان بوو ئەوانیش وەك ئێمە یەکخواپەرست بن.

ئیمانداران لە دونیا کاتێك ڕێگای الله تعالی بیری خەڵك دێننەوە، کە دووربن لە تاوان و سەرپێچیکردنی فەرمانەکانی، بۆ ئەوەیان بوو تاوەکو گشت خەڵکی دووربن لەسزا و ئازاری دوارۆژ و بەهەشت شوێنیان بێ.

﴿فَمَنَّ اللَّهُ عَلَيْنَا وَوَقَانَا عَذَابَ السَّمُومِ﴾[1]. واتە: بەهۆی ئەوەوە الله تعالی نیعمەتی خۆی ڕژاند بەسەرماندا وە لێمان خۆشبوو وە ڕەحمی پێ کردین و پاراستمانی لە سزای ئاگری دۆزەخ کە سزایەکە چۆن بایەکی گەرم هەڵ ئەکات بەو شێوازە گەرمییەکەی یەکجار سەختە.

بۆیە تاکو گەنجین و توانامان هەیە با لە خەوی غەفلەت بە ئاگابێینەوە، و خۆمان ماندوو بکەین بۆ تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا و ڕێگای ڕاستی ئەم ئیسلامە بگرین، کە تاکە ڕێگایە بۆ خۆشبەختی دونیا و دوارۆژ، تاوەکو سەرەنجاممان بەهەشتی پڕ نازو نیعمەت و خۆشی بێت، با لە دونیا تەنها بەندە اللهی خاوەن عەرش بین و بۆ ئەو بژین بەڕاست و دروستی و لەو تاقیکردنەوەی کە لە ژیانی دونیا داین خۆمان ماندوو بکەین، و بەڵێن بە الله بدەین لێدانی دڵمان بۆ جگە لە ئەو نەبێت، بۆ ئەوەی لە دوارۆژ لەوانەبین کە بەڕێ دەکرێن بۆ دیداری اللهی خاوەن عەرش.

﴿ يَوْمَ نَحْشُرُ الْمُتَّقِينَ إِلَى الرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴾[2]. واتە: ڕۆژێك دێت ئێمە دەستە دەستە یەکخواپەرست و پارێزگاران بۆ لای اللهی میهرەبان بە ڕێ دەکەین تا بەدیداری شادبن و بیانخاتە بەهەشتەوە.

---

[1] - سورەتی الطور ئایەتی (٢٧).

[2] - سورەتی مریم ئایەتی (٨٥).

با لەو کەسانە نەبین کە بەرەو ئاگری سوتێنەری دۆزەخ دەیان بەن، بەهۆی خۆماندوو نەکردنیان لە تاقیکردنەوەی دونیا و زۆری تاوان و دژایەتیان بۆ بەرنامەو یاسای ئیسلام.

﴿وَنَسُوقُ الْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا﴾[1]. واتە: خراپەکارو گوناهکارانیش بەپەلەو بەتینویەتی ڕاپێچ دەکەین بۆ ناو دۆزەخ.

بەڵام ئەوانەی گشت تەمەنیان لە دونیا بۆ ڕەزامەندی الله تعالى بردە سەر، و لە تاقیکردنەوەی دونیا زۆر خۆیان ماندوو کرد، و ئازار و ژانی زۆریان هاتە ڕێ لە پێناو ئیسلام، کاتێك دەچنە بەهەشت دەڵێن: ﴿وَقَالُوا الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُ وَأَوْرَثَنَا الْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ الْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَاءُ فَنِعْمَ أَجْرُ الْعَامِلِينَ﴾[2]. واتە: ئەوسا ئیتر ئەو بەختەوەرانە دەڵێن: سوپاس و ستایش بۆ ئەو اللهی، کە بەڵێنی خۆی بۆمان بردە سەر و کردینی بەخاوەنی سەرزەمینی بەهەشت و لە هەرشوێن و لە جێیەکیدا بمانەوێت سەربەستانە ژیان دەبەینە سەر، ئای چەندە پاداشتی تێکۆشەران و خەباتکاران چاك و پاك و بەنرخە.

بۆیە ئەی بەندەی الله تاکو نەمردوی و لە ژیانی لەو تاقیکردنەوەی دونیا زۆر ئاگاداربە هەڵێکە بۆت، نەکەی سەرەنجامت وێران بکەی بە دژایەتی کردنت بۆ ئیسلام و موسڵمانان، تاکو زووە خۆت ئامادەی ئەم گەشتە دوور و درێژەی دوارۆژ بکە، جانتای گەشتەکەت پڕ بکە لە کردەوەی چاکە، تاکو لە قیامەت بۆت بێتە توێشوو تا جێگای هەمیشەیت بەهەشتی فیردەوس بێت، بە ویستی الله.

---

[1] - سورەتی مریم ئایەتی (٨٦).

[2] - سورەتی الزمر ئایەتی(٧٤).

چەن نموونەیەك بۆ بەرچاو ڕوونی لە تێکۆشان بۆ دوارۆژ

سەرەتا ئەو کەسەی لە ژیانی دونیا چ پیاو، چ ئافرەت ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕۆیشتبێتە قوتابخانە ئەوە زۆر چاك دەزانێت بۆ تاقیکردنەوەکان هەموو جار کە مامۆستا دەهات بۆ پۆل، ڕۆژێکی بۆ قوتابیەکان دیاری دەکرد و دەیگوت قوتابیە ژیرەکانم ئاگاداربن لە فلانە ڕۆژەدا تاقیکردنەوەمان هەیە، لەگەڵ ئاگادار کردنەوەی قوتابیەکان لە لایەن مامۆستاوە، بە گوێرەی هەڵوێستیان بەرامبەر ئەم تاقیکردنەوەیە و خۆ ئامادەکردن بۆی دەبنە دوو دەستەی سەرەکی، بەشێکیان هەر لەو کاتەی مامۆستا ئەو هەواڵەیان دەداتێ، کە خۆیان ئامادە بکەن و هەول بدەن و ئەوکاتە وەکو هەورە تریشقە خەم دەیانگرێ و ئیتر هەر لەم ڕۆژەوە، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەیان کە دەچنەماڵەوە و ڕۆژ بەڕۆژ خوێندنی خۆیان دەکەن و هەوڵی خۆیان دەدەن و بەرە بەرە خۆیان ئامادە دەکەن، وە لە پێناو ئەم تاقیکردنەوەیە واز لە یاری و گەڕان و سووڕانەوە خۆ خەریک کردن بە شتانێك دەهێنن کە دووریان دەخاتەوە لە کۆشش کردن، و بەردەوام غەمیانە بۆ ئەوەی نمرەی بەرز بەدەست بێنن، یەک خولەك بەبێ ئیشی بە فیرۆ نادەن و زۆر بەجوانی خۆیان بۆ ئامادە دەکەن.

بۆیە کە ڕۆژی تاقیکردنەوە دادێ، ئەمانە زۆر بەسەربەرزی دەچنە هۆلی تاقیکردنەوە و بەبێ هیچ منەتێک و بە سەربەرزی و ئاسوودەیی وەڵامی خۆیان دەدەنەوە و سەرکەوتوو دەبن.

بەڵام دەستەی دووەمیان کە مامۆستا باسی تاقیکردنەوەیان بۆ دەکات وەک ئەوە وایە بایەک بە بنی گوێیان دابدات و نایانبزوێنێ هیچ حساب بۆ قسەی مامۆستا ناکەن، وەکو کۆمەڵی یەکەم ژیان و خۆشی و ڕابواردنی خۆیان ناگۆڕن بەوەی

بکەونە سەر خوێندن و کۆشش کردن، وە لەو ڕۆژانەی پێش تاقیکردنەوە واز لە یاری کردن و موبایل و پۆبچی و چوونە بازاڕ و گەڕان و سووڕان بێنن لەبەر خاتری تاقیکردنەوە.

جا ئەم کۆمەڵەی دووەم لەگەڵ ئەوەی گشت خۆشی و ڕابواردن و گەڕان و هەلاو بەزمیان ئەنجامدا، و بێغەم لێیان پاڵدابویەوە چارەنووسیان بە ساقیت بوون دەگات، بەڵام دەبێ بزانین بۆ هەر یەکیان هۆکارێکی جیا هەبووە، کە وای لێ کردوون تاقیکردنەوەکە بە گرنگ نەزانن و بە سادەیی وەری بگرن و پێیان هیچ نەبێ و حسابی بۆ نەکەن، کە ئەم خالانەی خوارەوەن.

- هەندێ کەس دەڵێ: مامۆستامان دڵی نەرم و پڕ بەزەییە، پیاوی باشە و خراپەی نیە بۆمان دەرم ئەچێنێ و یارمەتیم دەدات، ئینجا بغێەم لێی پاڵ دەداتەوە بەتەمای ئەوەی بەزەیی مامۆستا فریای بکەوێ.
- هەندێ کەس هەیە تاقیکردنەوەی ئەوەندە بە شتێکی گرنگ نایەتە بەرچاو کە لەپێناویدا خۆی بۆ ماندوو بکات و واز لە هەندێ خۆشی و یاری کردن و ڕابواردن بێنێت و هەندێ شەوان بۆی نەخەوێ، دەڵێ: شەو نەخەوم و نەچم دەستێ یاری لەگەڵ هاوڕێکەم بکەم و یان سەیرێکی لیستی چاتەکانم نەکەم بزانم کێ نامەی ناردووە و یان سەیری فیلمی دۆبلاژکراو نەکەم چیە لە تاقیکردنەوە دەربچم؟!

  ئەوە بە من ناکرێت واز لەو شتانە بهێنم!
- هەندێ کەس هەیە خۆشیەکانی ژیانی ڕۆژانەی بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەگۆڕێتەوە و دەڵێ: با من جارێ بە ئارەزووی خۆم بگەڕێم و تێر خۆشی ببینم بە خوێندنەکەوە ماندوو نەبم، ئینجا دەرئەچم یان نا بە جەهەنەم، ئەو

بیرەشیان لەگەڵ بیری دووەمی پێشوو جیاوازە، چونکە ئەوانە بە پێچەوانەی ئەوانی تر تاقیکردنەوە و ئەنجامەکەی بە گرنگ تێدەگەن، بەڵام چیە؟ ئەوەیە بەخۆشی و ڕابواردن نایگۆڕنەوە، و منەتیان پێ نیە.

- هەندێ کەس هەیە دەڵێ: من دڵێکی پاکم هەیە و مرۆڤێکی پاکم، بۆیە کەوا گومان دەبا خۆی پێ پاکە و دەڵێ مرۆڤی پاکیش لە هەموو جێگایەک بەختی بۆ دێ و مەرج نییە سەعی بکات و هەوڵ بدات، ئینجا لە ژووری تاقیکردنەوەکە بەو گومانەی خۆی بێغەم وەڵام دەداتەوە، وەڵامەکان ڕاست بن یان نە گرنگ نیە بەلای ئەو.
- هەندێ کەس هەیە خزم یان ناسیاوێکی مامۆستاکەی دەناسێ، بەتەمای ئەوەیە بەهۆی ئەوەوە واستەیەک لای مامۆستا بکات و دەربچێ!
- هەندێ کەس هەیە بەتەمای ئەوەیە هاوڕێکانی لە ژووری تاقیکردنەوە یارمەتی بدەن و وەڵامەکان هەندێکی پێ بڵێن و بە نمرەی کەمیش بێت دەربچێ، گرنگ ئەوەیە تەنها دەربچێ، جا هەر لەسەر ئەو بیرە کە هاوڕێکانی پێی بڵێن لێی پاڵ دەداتەوە.
- هەندێ کەس هەیە بێ ماندوبوون و هەوڵدان لێی دادەنیشێ، دەڵێ با جارێ خۆشی و ڕابواردن ببینم و کە مامۆستا دووبارە تاقیکردنەوەی پێ کردینەوە بۆ دەوری دووەم و لەو جارەدا لێبڕاوانە هەوڵی خۆم ئەدەم بۆ ئەوەی دەربچم، کەمێ باخۆشی ببینم خودا گەورەیە بۆ خولی دووەم.
- هەندێ کەس هەندێکیان لەبەر مەژغولی یاری کردن و گەڕان و سووڕان و شتی بێسوود تاقیکردنەوەکەی لەبیر دەچێت، تا نەچێتە ژووری تاقیکردنەوە بە بیری نایەتەوە کە ئەمڕۆ تاقیکردنەوەییە.

- هەندێ کەس نیاز و نیەتی ئەوەی هەیە لەناو تاقیکردنەوەکە فێڵ (قۆپیە)ی بکات، بۆیە بە دڵ خۆشی و لوت بەرزیەوە، گەران و سووڕانی خۆی دەکات چونکە بە تەمای (قۆپیە) ئینجا بێغەم لێی پاڵ ئەداتەوە.
- هەندێ کەس کوڕی پیاوێکی بەرپرس و خاوەن دەسەڵات و پاسەوانی زۆرە، پشتی بەوە دەبەستێ کە ئەو دەسەڵاتەی باوکی لە دەرنەچوون بیپارێزێ، یان کوڕی ئاغا یان پیاوێکی گەورەی ناو کۆمەڵگایە یان کوڕی سەرۆک عەشیرەت و هۆزێکە و لەو باوەڕەدا نییە و مامۆستاکەی بوێرێ قوتابیەکی لە نموونەی ئەو دەرنەچێنێ، یان کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە و یاری بە پارە و پول دەکات، هەروا دەزانێ ئەو پارە و سامانەی باوکی سەرکەوتنی بۆ دەکڕێ.

ئەم نموونانەی باس کران هەڵوێستی قوتابیان بوو بەرامبەر تاقیکردنەوەی قوتابخانە، بەڵام ئایە هەڵوێستی خەڵکی بە گشتی بەرامبەر تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا چۆنە کە الله تعالی مرۆڤی لەو پێناوەدا بۆ دروستکردووە ؟

بەشێکی خەڵک هەر لەو کاتەی لە ژیان تێدەگەن و کە دەزانن وا لە ناو تاقیکردنەوەی الله تعالی دان، زۆر ژیر و ئاقلانە دەست دەکەن بە هەوڵدان و ڕەنج کێشان و پێشخستن و کۆکردنەوەی توویشوی چاکە بۆ ڕۆژی دوایی، و نایەلێ کاتەکانی بەشتی بێسوود بە فەیرۆ بڕوات.

ئەمەش نموونەیەك لە ژیانی کەلە پیاوە ژیر و چاکەکانی پێشینی ئوممەت کە چۆن نەیان هێشتووە ساتێکی کەمی ژیانیان لێ بڕوات کە ناوی الله تعالی تێدانەهێنن.

(عن عبدالله بن أحمد حنبل قال: (كان أبي أصـــيرعلى الناس على الوحدة لم يره أحد الا في المســـجد او حضـــور جنازة اوعيادة مريض وكان يكره المشـــي في الاســـواق)[1]. واتە: عبدالله ی کوڕی ئیمام ئەحمەدی حەنبەل (ڕەحمەتی الله لە خۆی و باوکی بێت) دەڵێ: باوکم لەهەموو کەس زیاتر ئارامگر بوو لەسەر تەنیایی، وە هەرگیز هیچ کەس باوکمی نەدیووە بێ هودە و بێ کار چووبێت بۆ جێیەك، مەگەر یان لە مزگەوت بینراوە یان بەدوای جەنازەیەکەوە بووە یان لە ســـەردانی نەخۆشێك بووبێت، گەڕانی بازاڕی زۆر پێ ناخۆش بوو، بەکات کوشتنی زانیووە.

بەڵام بەشی زۆری خەڵك وەکو قوتابیە تەمبەڵەکانی قوتابخانە، کاتێك کە بیر دەکەنەوە لەناو تاقیکردنەوە دان، بەس بەداخەوە هەستیان نایەنێتە جووڵاندن، و کە بیر بکەنەوە لەناو تاقیکردنەوەیەکی سەخت و ناخۆش دانە و بیر بکەنەوە کە ئەم ژیانەی تێیدانە کاتیە و خزم و کەسە نزیکەکانی و هاوڕێ و ناسیاو و جیرانی مردن و لە پێش چاوانی وون بوون، بۆیە کەزانی ژیانێکی ئاوایە، دەست بکاتە کۆشش و کارو کردەوەی چاکە و خۆی بۆ ڕەزامەندی الله تعالی یەکلا بکاتەوە، بەداخەوە دەستە و ئەژنۆ بەرامبەری دادەنیشن، ئینجا کە ڕۆژی قیامەت هەڵدەستێ و بۆ گۆڕەپانی لێپرسینەوە دەبردرێن پەڕاوی کردەوەی، توێشوو بەتاڵە و هیچ چاکەیان پێ نیە، لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاریان بکات، جا بەهۆی هەوڵنەدان و زەخیرە دانەنانی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵە بۆ تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا وەکو کۆمەڵی قوتابیە تەمبەڵەکانە بۆ چەند هۆکار و بیرێکی هیچ و پووچی جیاواز دەگەڕێتەوە.

---

[1]- بڕوانە: صفة الصفوة (١٢٤/٢)

وەڵامدانەوەی گومانی كەسی بێئاگا لە دوارِۆژ

ئەمانە برو بیانۆی كەسی بێئاگایە لە دوارِۆژ كە جێگای خۆیان خۆشكردووە بە گومانی پوچی خۆیان كە غەرقی خۆشی دونیا بوونە دەیان ئەوێ بە خەیال پلاوی خۆیان لە شوێن و مەكانێك بمێننەوە كە هی خۆیان نیە، بفەرموون بزانین گومانە كانیان چین و چی هەیە بۆ بەرپەچدانەوەی گومانەكانیان:

- هەندێ كەس دەڵێ من هەرچەندی لەم دونیایە ڕابوێرم و كاری خراپە ئەنجام بدەم و پشت لە كاری چاكە بكەم و ئینجا ڕێبازی ئیسلام واز لێبێنێ لە پێناو حەز و ئارەزووی و شوێن ڕێبازێكی جاهیلی دەكەوێ و دەڵێ هەرچەند بێ تووێشو بچمە بەردەم الله تعال، ئەوە الله تعالی لێم دەبورێ و دووچاری ئازارم ناكات، چونكە الله بەزەیی هەیە لەسەر بەنی ئادەم، واتە: الله_ رحیم_ە.

- هەندێ كەس هەیە تاقیكردنەوەی ژیانی دونیا و ئەنجامەكەی ئەوەندە بە گرنگ نایەتە بەرچاو بەشێوەیەكی چالاك بۆی دەرپەڕێتە مەیدان و هەوڵی كۆكردنەوەی چاكە بدا، وە شایەنی ئەوە نەبێ كە لە پێناویدا واز لە ئارەزوو بازی و ڕابواردنە ناشەرعییەكانی دونیا بهێنێ، وە دەڵێ من با بە ئارەزووی خۆم لە ژیانی دونیا ڕابوێرم و خۆشی دونیا بنۆشم ئینجا هەرچی دەبێ با ببێت بە جەهەنەم.

- هەندێ کەس هەیە خۆشی و ڕابواردنەکانی دونیا بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکە ناگۆڕێتەوە، چونکە لە خۆشی دونیا غەرق بووە و لە پارە و ژن و سەیارە و خانوو هیچی کەم نیە، حەرام دەخوات، تاوان دەکات، زوڵم دەکات، گوێی لێ نیە دەڵێ: من با لە دونیا بە ئارەزووی خۆم ڕابوێرم، لە قیامەتیش با بچمە دۆزەخ.
جا بیری ئەوانە لەگەڵ بیری دووەمی سەرەوە جیاوازە، چونکە ئەوانە بە پێچەوانەی ئەوان دەزانن تاقیکردنەوەکە چەند گرنگە و دەزانن ئەنجامەکەی چییە، بەڵام خۆشی دونیا هەلیخەڵەتاندوونە و وای لێکردووە بەو ئەنجامە نەیگۆڕنەوە.

- هەندێ کەس دەڵێ: من هەرچەندە نوێژ ناکەم و بەڕۆژوو نابم بەڵام پیاوێکی دڵ پاکم و هیچ گوناهم نەکردووە و ستەم لە کەس ناکەم و نانی حەرامم نەچووە بە سک، ئەوەندەش بەسە بۆ دەرچوونم، وە اللە بەس ئەوەندەی لەمن دەوێت.

- هەندێ کەس هەندێکیان بەهۆی پیاوێکی دیندار یان لە اللە ترس باوکیان بووە، یاخود خزمێکیان لەو شێوەیە هەیە، دایان ناوە ئەمانە لە ڕۆژی قیامەت فریایان بکەون و شەفاعەتیان بۆ بکەن و ڕزگاریان بکەن.

- هەندێ کەس هەوڵ و چاکەکردنی کەسانی تری وەک برای یان خوشکی یان باوکی یان دایکی یان کوڕ و کچەکانی بەهی خۆی تێ دەگات و وادەزانێ کە هەوڵ و توێشووی ئەوان ئەویش لە دۆزەخ ڕزگار دەکات.

- هەندێ کەس نازانێت یان لە بیر دەکات بەهۆی دوور کەوتنەوەی لە ئیسلام و شوێن هەواو ئارەزوو کەوتنی تەواو غافل و بێئاگای دەکات کە تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا یەکجارە و ئیتر کۆتایی دێت.

- هەندێ کەس ڕەنگە هەبن نیازی فێڵ کردنیان هەبێ لە الله تعالی (پەنا بەالله) وەک ئەو قوتابیانەی نیازی قۆپیەکردنیان هەبوو لەسەر مامۆستاکەیان.

- هەندێ کەس لە دونیا خاوەن دەسەڵاتە و پاسەوانی زۆری هەیە، دەست لە کاری چاک دەشواتەوە و وا دەزانێ و ئەم دەسەڵات و پلە و پایە و پاسەوانانەی هەر وەکو ئێستای لە ڕۆژی قیامەتیش بە کەڵکی دێت و بەرگری لێ دەکەن و دەیپارێزن.

- هەندێ کەس لە دونیا پلە و پایەکی کۆمەڵایەتی بەرزی هەیە و خاوەن عەشیرەت و خێڵ و هۆزێکی گەورەیە، وا دەزانێ لە ڕۆژی قیامەتیش بەهەمان پلە و پایە بەرزی لە بەردەم الله تعالی ڕادەوەستێ لە گۆڕەپانی لێ پرسینەوە، وە ئەم عەشیرەت و هۆزەی گشتی لە پشتی ڕادەوەستن وەکو جاری جاران.

- هەندێ کەس خاوەنی پارە و سامانێکی زۆرە، وا دەزانێ ئەم سامانە لەوێشدا بە کەڵکی دێت و ڕزگاری دەکات.

- هەندێ کەس لەبەر ڕابواردن و خۆشی دونیا و هەڵاو بەزمی و فریودەرەکانی لەبیر دەکات کە ژیانی دونیای تاقیکردنەوەیە و ئێستا وا لەژێر تاقیکردنەوە و چاودێری الله تعالى و فریشتەی تایبەتی ورد و درشتی کردەوەکانی تۆمار دەکەن.

جا ئەوەی بۆ ئێمەی موسڵمان گرنگە و زانینی پێویستە تا وەکو ئەو کۆمەڵەی خاوەنی ئەم فیکر و بیرە پووچەڵانەن واز لە هەوڵ و کۆشش و توێشوو و زەخیرە دانان نەهێنن، ئەوەیە کە تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا زۆر جیاوازە لەگەڵ تاقیکردنەوەی قوتابخانە، ئەوەی ژیانی دونیا الله تعالى دایناوە کە خۆی مرۆڤی دروستکردووە، وە خۆی چاودێری دەکات و لێی دەپرسێتەوە و هەر خۆیشی بڕیاری دەرچوو یان دەرنەچوونی بۆ دەر دەکات، و تەنها یەک خولە و دەوری دووەمی نیە، گەر لە دونیا بۆ الله ژیایت و شوێن شارێگەی ئیسلام کەتبووی بەو شێوەی الله پێی ڕازییە، ئەوە سەرکەوتن بە دەست دەهێنیت.
بەڵام (پاك و بێگەردی بۆ اللهی خاوەن عەرش) ئەوەی قوتابخانە مامۆستایەک سەرپەرشتی دەکات و نمرەکانی دادەنێ کە ئەویش مرۆڤە وەکو ئێمە، دەوری دووەمی هەیە و دەتوانی خولی دووەم وانەکان بدەیتەوە، گەر لە خولی یەکەم دەرنەچوو.
ئێستاش با پێکەوە یەک بە یەک بیر و فیکرە جیا جیاکانی ئەو کۆمەڵە ڕوون بکەینەوە کە وازیان لە هەوڵدان بۆ دوارۆژی نەبڕاوەی بەهەشت هێناوە:

* بەگوێرەی ئەوانەی دەڵێن الله تعالى بە بەزەیی الرحيم و الرحمن ە ڕاستە الله ڕەحیم و ڕەحمانە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانی کە الله توند سزاشە هەروەک خۆی زیاد لە جارێک و دووجار لە قورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی: ﴿ٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلْعِقَابِ﴾[1] واتە: دەبێ ئەوەش بزانن کە بە ڕاستی الله لە سزاداندا زۆر توندو سەختگیرە بۆ کەسێ لە بڕیارەکانی سەرپێچی بکات.

جا ئەگەر مامۆستایەکیش قوتابی تەمبەڵ بە ناهەق دەربچێنێ و بە ناهەق لەگەڵ تەلەبە زیرەکەکان کە خۆیان ماندوو کردووە یەک حسابیان بۆ بکات، ئەوا الله تعالى دادوەر ئەو بەندەیە لە سزادان دوور ناخاتەوە کە بەبێ کارو کردەوە و زەخیرەی چاک دەگەڕێتەوە لای، وە ئەو جۆرە کەسە وەکو ئەو کەسانە حیساب ناکات کە هەموو ژیانیان کردۆتە خەبات و زەخیرە دانان و تاقیکردنەوە لە پێناو ئەودا،

﴿أَفَمَن كَانَ مُؤْمِنًا كَمَن كَانَ فَاسِقًا لَّا يَسْتَوُونَ﴾[2] واتە: ئایا ئەو کەسەی ئیماندار بوو بێت وەك ئەو کەسەیە کە خراپەکار و تاوانبار بوو بێت؟ وەك یەك نین...

﴿أَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ جَنَّاتُ الْمَأْوَىٰ نُزُلًا بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[3] واتە: بەڵکو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان ئەنجامداوە، شوێنیان باخچەکانی بەهەشتە (کە بۆ هەمیشە جێگەی حەوانەوە و حەسانەوەیانە)، هەر لەوێ دادەبەزن، لە پاداشتی کارو کردەوەیەك کە دەیانکرد.

[1] - سورەتی المائدة ئایەتی: ٩٨
[2] - سورەتی السجدە ئایەتی: ١٨
[3] - سورەتی السجدە ئایەتی: ١٩

﴿وَأَمَّا الَّذِينَ فَسَقُوا فَمَأْوَاهُمُ النَّارُكُلَّمَا أَرَادُوا أَن يَخْرُجُوا مِنْهَا أُعِيدُوا فِيهَا وَقِيلَ لَهُمْ ذُوقُوا عَذَابَ النَّارِ الَّذِي كُنتُم بِهِ تُكَذِّبُونَ﴾[1]واتە: ئەوانەش تاوانبار یاخی بوون، شوێنیان ناو ئاگری دۆزەخە، هەر کاتێك ویستیان لێی دەرچن، دەگێڕدرێنەوە بۆ ناوی، پێیان دەوترێت: بچێژن سزای ئەو ئاگرەی کە بڕواتان پێی نەبوو.

چونکە ئەمە لەگەڵ دادوەری ناگونجێ، خوای گەورەی دادوەر چۆن دوو کەس بەیەک چاو سەیر دەکا یەکێکیان هەموو ژیانی لە زەخیرە دانان و هەوڵدان بۆ ڕۆژی دوایی تەرخان کردووە، ئەوەی تریشیان هەموو ژیانی لە ڕابواردن و ئیشی خراپ و دژایتی ئیسلام بەسەر بردووە.

﴿وَمَا خَلَقْنَا السَّمَاءَ وَالْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا بَاطِلًا ذَٰلِكَ ظَنُّ الَّذِينَ كَفَرُوا فَوَيْلٌ لِّلَّذِينَ كَفَرُوا مِنَ النَّارِ،أَمْ نَجْعَلُ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَالْمُفْسِدِينَ فِي الْأَرْضِ أَمْ نَجْعَلُ الْمُتَّقِينَ كَالْفُجَّارِ﴾[2]واتە: بێگومان ئێمە ئاسمان و زەوی و ئەم شتانەی لە نێوانیاندا هەیە بەخۆڕایی بێ مەبەست نەخولقاندووە، ئەمە بۆچوونی بێ بڕواکانە، هاوار و هیلاک بۆ بێ بڕواکان لەو ئاگرەی دۆزەخ، ئایا ئەو کەسانەی بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە وەکو کافرانی تێکشێوێنی سەر زەوی حیساب بکەین! یان ئایا پارێزگار و چاکەکاران وەکو بەدکار و خراپە کاران حیساب بکەین!

[1] - سورەتی السجدە ئایەتی: ٢٠

[2] - سورەتی ص ئایەتی: ص٢٧-٢٨

﴿أَفَنَجْعَلُ الْمُسْلِمِينَ كَالْمُجْرِمِينَ، مَا لَكُمْ كَيْفَ تَحْكُمُونَ،أَمْ لَكُمْ كِتَابٌ فِيهِ تَدْرُسُونَ،إِنَّ لَكُمْ فِيهِ لَمَا تَخَيَّرُونَ، أَمْ لَكُمْ أَيْمَانٌ عَلَيْنَا بَالِغَةٌ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ إِنَّ لَكُمْ لَمَا تَحْكُمُونَ، سَلْهُمْ أَيُّهُم بِذَٰلِكَ﴾[1] واتە: ئایا ئێمە موسڵمانان وەکو بەدکاران لێ ئەکەین! ئەوە چیتانە چۆن بڕیارێک ئەدەن! یا خۆ نامەیەکی (ئاسمانی) تان بەدەستەوەیە ئەمەی تیا ئەخوێننەوە وە لەم نامەیە ڕێتان بۆ درابێ چیتان بوێ ئەوە هەڵبژێرن بۆ خۆتان! یان پەیمانی بەهێزتان لەسەر ئێمە هەیە و تا ڕۆژی دوایی ڕەوا بێ کە هەرچی ئێوە بتانەوێت بتاندرێتێ ! لێیان بپرسە کامیان دەستەبەرو زامنی ئەم قسەیەن!

* وە ئەوانەی تاقیکردنەوەی ژیانی دونیایان بەگرنگ نایەتە بەرچاو و حسابی بۆ ناکەن ئەوانە بێ ڕادە و زۆر بەهەڵەدا چوونە، چونکە هێشتا ئەگەر قوتابیە تەمبەڵەکانی تاقیکردنەوەی قوتابخانەیان بە کەم بێتە بەرچاو ڕێیەکی تێ دەچێت، چونکە لەوانەیە بەهۆی تاقیکردنەوەی تر پڕی بکەنەوە یان بڵێن ساڵێکی ترمان لە پێش ماوە، وە لەوانەیە تاقیکردنەوەکە یاخود هەر قوتابخانە بەگشتی کارێکی گەورەی نەبێ بەسەر چارەنووسیان، بەڵام تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا یەکە و یەک چارەنووسی ڕۆژی دوایی مرۆڤی لەسەر بەندە، کە بەهەشت و دۆزەخە، ئەگەر تیایدا سەرکەوێت ئیتر لە ژیانی ئەولای لە ئاگری دۆزەخ ڕزگاری دەبێ و هەتا هەتایە لە بەهەشت دەژی پاش ئەوەی دەکەوێتە ناو ڕەزامەندی الله، خۆ ئەگەر دەرنەچوو بێ هەتا هەتایە ژیانی لەناو ئاگری سەخت و بە ئێشی دۆزەخ بەسەر

---

[1] -سورەتی القلم ئایەتی: ٣٥-٤٠.

دەبات، (پەنا بەالله) جا ئایا ئەم تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا بەم شێوەیە گرنگ نییە؟!

﴿كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ وَإِنَّمَا تُوَفَّوْنَ أُجُورَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَمَن زُحْزِحَ عَنِ النَّارِ وَأُدْخِلَ الْجَنَّةَ فَقَدْ فَازَوَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ﴾[1] واتە: هەموو کەسێک دەبێت بمرێت و مردن بچێژێت، تەنها لە ڕۆژی قیامەتدا کرێ و پاداشتان بەتەواوی پێ دەدرێت (دەرئەنجامی کردەوە کانتان دێتەوە ڕێتان) ئەوسا ئەوەی دوور خرایەوە لە ئاگری دۆزەخ و خرایە بەهەشتەوە، ئەوە بەڕاستی سەرفراز بووە، ژیانی دونیاش بێجگە لەوەی کە ڕابواردنێکی خەڵەتێنەرە شتێکی تر نیە.

* بەگوێرەی ئەوانەش کەوا دەزانن ئەنجامی تاقیکردنەوەی ژیانی دونیای لەسەر دانانێن و خۆیانی بۆ ماندوو ناکەن، ئەوانە بۆیە وا دەکەن چونکە ئەنجامەکەی بەدوور تێدەگەن دەڵێن با جارێ ڕابوێرین و کێ دەڵێ قیامەت دێ لەسەر ئەو پەندە دەڕۆن کە دەڵێ: چۆلەکەیەکی ناو دەست باشترە لە دەی سەر دارەکە! لەبەر ئەوە ژیانی دونیایان هەڵبژاردووە کە ئێستا لە ناو دەستیانە،﴿إِنَّهُمْ يَرَوْنَهُ بَعِيدًا﴾[2] بەڕاستی ئەو بێ باوەڕانە، قیامەت بەدوور دەبینن، بەدووری دەزانن.

لە پارە، ژن، سەیارە، خانووی بەرز، بەڵام ئێمە لێیان دەپرسین: ئایا ئەو خۆشی و ڕابواردنە کاتیەی دونیا باشترە، یان سەختی و سووتانی ئەبەدی و ناو ئاگری دۆزەخ؟!!

[1] - سورەتی ال عمران ئایەتی: ١٨٥

[2] - سورەتی المعارج ئایەتی: ٦

* بە گوێرەی ئەو کۆمەڵەی هیچ کارو کردەوە ناکەن و زەخیرە دانانێین بەوەی کە دەڵێن: دڵمان پاکە، ئەوانەش لە نێو جەهل و نەزانین غەرق بوونە و بە هەڵە داچوونە، چونکە ئەگەر بچین سەیری قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئازیز﴿ﷺ﴾ بکەن بۆمان دەردەکەوێ کە بەبێ تووێشو و زەخیرە و کارو کردەوەی چاک، دەرچوون لەم تاقیکردنەوەیە و ڕزگاربوون لە ئاگری دۆزەخ شتێکی مەحاڵە پیاو دەستی بکەوێ، وە لە هەموو جێگەیەکی قورئان کە الله تعالی باسی ئیمانی کردبێ کار و کردەوەی لەگەڵ باسکردووە، بەبێ کار و کردەوەی چاك بە گوێرەی شەرع بە دەست هێنانی بەهەشت و ڕزگار بوون لە ئاگری دۆزەخ بوونی نیە، یان کردەوەی چاکە بەڕێ دەکەی و بە هەشت بەدەست دەهێنی، یان بێغەم پاڵ ئەدەیەوە و خۆت ماندوو ناکەی بە دوای ڕابواردنی نەفست ئەکەویت و سەرنجام ئاگر دەبێتە شوێنت.

﴿وَالْعَصْرِ، إِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍ، إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ﴾[1] واتە: سوێند بە ڕۆژگار مرۆڤ لە زەرەرمەندی دایە مەگەر ئەوانە نەبن کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە و یەکتریش لەسەر هەق و ئارامگری هاندەدەن.

ئەی ئایا ئەوانە چۆن دەیانەوێ بێ کارو کردەوە لەم تاقیکردنەوە گەورەیە دەربچن؟!

---

[1] - سورەتی العصر ئایەتی:١-٣

* ئەو کەسەی کە باوکێکی یان خزمێکی دیندار و لە اللهترسی هەیە و دەیەوێ بەهۆی ئەووەوە الله تعالی لەویش خۆش بێ و لە ئاگرەکە رزگار بێ، ئەوەشیان هەر بەهەڵە چووە، ئەگەر قوتابیش ئەم جۆرە بیرەی هەبێ هێشتا ڕێیەکی تێ دەچێ، چونکە بەڕاستی لە دونیادا زۆرجار واسیتە و واسیتەکاری دەخوات! بەڵام لە ڕۆژی قیامەت واستیەو واسیتەکاری بوونی نییە، لەوێ نە کەس ئاگای لە کەس دەمێنێ نەکەس بە کەڵکی کەس دێ و نەکەسیش گوناهی کەس بەخۆیەوە هەڵدەگرێ.

﴿أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ، وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ، وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَىٰ، ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاءَ الْأَوْفَىٰ﴾[1] واتە: کە هیچ کەس باری گوناهی یەکێکی تر هەڵناگرێ و مرۆڤ هەرچی بە هەوڵی خۆی پەیدای نەکات بۆی نابێ، وە بێگومان پاداشتی کردەوەی خۆی نیشان ئەدرێ، لە ڕۆژێ دوایش جەزایەکی تێر و تەواوی دەداتەوە (واتە: پاداشتی چاکەکاران چەندانە ئەبێتەوە سزای خراپەکارانیش بەقەد خراپەکەیەتی و بۆی زیاد ناکرێ).

﴿يُبَصَّرُونَهُمْ يَوَدُّ الْمُجْرِمُ لَوْ يَفْتَدِي مِنْ عَذَابِ يَوْمِئِذٍ بِبَنِيهِ، وَصَاحِبَتِهِ وَأَخِيهِ، وَفَصِيلَتِهِ الَّتِي تُؤْوِيهِ، وَمَن فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ يُنجِيهِ، كَلَّا إِنَّهَا لَظَىٰ﴾[2] واتە: بێ بڕواکان کەس و کاری یەکتریان پێ نیشان ئەدرێتەوە و کەس قسەیێ ناکات لەبەر سەختی ئەم ڕۆژە، بێ بڕوای تاوانبار لەم ڕۆژەدا حەز دەکات کوڕ و خێزان و برا و هۆزەکەی(کە پەنای دەدات) هەروەها هەموو کەسێکی سەر زەمین بکات فدیە تا ئەو خۆی ڕزگاری بێ، نەخێر(قوربانی وەرناگیرێ)بەڕاستی ئاگرت دۆزەخ بە بڵێسەیە.

---

[1] - سورەتی نجم ئایەتی: ٣٨-٤١

[2] - سورەتی المعارج ئایەتی:١١-١٥

﴿فَإِذَا جَاءَتِ الصَّاخَّةُ، يَوْمَ يَفِرُّ الْمَرْءُ مِنْ أَخِيهِ، وَأُمِّهِ وَ أَبِيهِ، وَصَاحِبَتِهِ وَبَنِيهِ، لِكُلِّ امْرِئٍ مِنْهُمْ يَوْمَئِذٍ شَأْنٌ يُغْنِيهِ﴾[1]

واتە: کاتێ شاخەو شریخەی ڕۆژی دوایی هات، لەو ڕۆژەدا مرۆڤ لە برا و دایک و باوک و کوڕەکانی خۆی ڕادەکات، لەو ڕۆژەدا هەموو یەکێ لەوان لە حاڵی ناخۆش و سەختی خۆی خەریکە و لە حاڵی کەسانی تر دەستە بەرداری دەکات.

﴿وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ وَإِن تَدْعُ مُثْقَلَةٌ إِلَىٰ حِمْلِهَا لَا يُحْمَلْ مِنْهُ شَيْءٌ وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَىٰ﴾[2]

واتە: هیچ کەسێ باری گوناهی یەکێکی تر هەڵناگرێ، وە ئەگەر کەسێک بانگی گوناهبارێک بکات تا گوناهی بۆ هەڵگرێ برێکیش چییە بۆی هەڵناگرێ ئەگەر چی خزمیش بێ.

﴿مَّنِ اهْتَدَىٰ فَإِنَّمَا يَهْتَدِي لِنَفْسِهِ ۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيْهَا ۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبْعَثَ رَسُولً﴾[3]

واتە: ئەوەی هیدایەتی بوو پاداشتی هیدایەت بوونەکەی هەر بۆ خۆیەتی، وە ئەوەی گومڕا بوو ئەوە سزاکەی هەر لەسەر خۆیەتی، وە کەس باری گوناهی یەکێکی تر هەڵناگرێ وە ئێمە سزادەر نین تا پێغەمبەرێکیان بۆ دەنێرین.

---

[1] - سورەتی عبس ئایەتی:٣٣-٣٧

[2] - سورەتی فاطر ئایەتی: ١٨

[3] - سورەتی الإسراء ئایەتی: ١٥

* ئەو کەسەی بەتەمای ئەوەیە بەهۆی کاروکردەوە باشەکانی برا و خوشک و خزمەکانیان ڕزگار دەبن، ئەوانەش بەهەڵە چوونە، چونکە ئەم تاقیکردنەوەیە وەکو قوتابخانە نییە، قوتابیە زیرەکەکان ئەوانەی خۆیان بۆ ئامادە کردووە لە ژووری تاقیکردنەوە، یارمەتی قوتابیە تەمبەڵەکان بدەن و وەڵامەکەیان پێ بڵێن، ئەوە ئەگەر لە قوتابخانەش ڕوو بدات لە تاقیکردنەوەی الله تعالی ڕوو نادات.
لەم تاقیکردنەوە مەزنەدا ئەوەی تووێشوی خۆی لە چاکە و کردەوەی باش پێ نەبێ بە زەخیرەی برا و خوشک و خزم و برادەرەکانی ڕزگاری نابێت.
﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمْ وَاخْشَوْا يَوْمًا لَّا يَجْزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِ وَلَا مَوْلُودٌ هُوَ جَازٍ عَن وَالِدِهِ شَيْئًا إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَلَا تَغُرَّنَّكُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا وَلَا يَغُرَّنَّكُم بِاللَّهِ الْغَرُورُ﴾[١] واتە: ئەی خەڵکینە لە پەروەردگارتان بترسێن، لەو ڕۆژەش بترسن کە نەباوک بۆ کوڕ و نە کوڕیش بۆ باوک نابنە جەزا وەرگری یەکتری، بەڵێنی الله ڕاستە، جا ژیانی دونیا فریوتان نەدا، وە شەیتانیش فریوتان نەدا.

* ئەوانەش کە نازانن یان لەبیریان کردووە تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا یەک جارە، ئەوانەش با تەماشای ئەو نەوانەی پێشومان بکەن کە هاتنە دونیا جێیان هێشتین و تاقیکردنەوەی خۆیان کرد و ڕۆیشتن بزانە لە خۆت بپرسە کەسیان جارێکی تر گەڕانەوە سەر دونیا بەڵکو نەخێر، ئەوەش بزانە چونکە تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا یەک جارە وەکو تاقیکردنەوەی قوتابخانە نییە دەوری دووەمی هەبێ، بەڵکو یەک جارە کە تەواو دەبێ ئیتر ناگەڕێتەوە بۆ دونیا، بۆیە کە زانیمان یەکجارە دەبێ ژیر و ئاقڵ بین و ڕێگای حەق و ئیسلام بگرینە بەر، چونکە دواتر پەشیمانی و عوزر و

[١] - سورەتی لقمان ئایەتی: ٣٣

بیانۆمان بۆ نیە، چونكە الله تعالى تەمەنێكی زۆری پێ بەخشین لە دونیا هیچ كاتێك بیرمان نەئەكردەوە لەگەڵ نەفسی خۆمان با ڕێگای ڕاست بگرینە بەر وازبێنین لە گومڕای و ڕێگای باتل و هەواو و ئارەزوو.

بۆیە الله تعالى ئەفەرمووێت: ﴿أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُم مَّا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَن تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِن نَّصِيرٍ﴾[1]. واتە: ئایا ئەوەندە تەمەنمان پێ نەبەخشین؟ ماوەماندا بژین ئەوەی بیەوێت بیرێك بكاتەوە تیایدا بیربكاتەوە؟! بێداركەرەوەشتان بۆ هات، بۆیە پێیان دەوترێت: كەواتە دەبچێژن سزای دۆزەخ، چونكە ستەم كاران هیچ پشتیوانێكیان نیە.

* ئەو كەسانەش كە لەبەر ڕابواردن و خۆشی ڕۆژی قیامەت لە بیر دەكەن و خۆیان بۆ ئامادە بكەن، ئەوانە دەرناچن و چارەنووسیان بە ئاگری گەرمی دۆزەخ دەگات، وە الله تعالى لە دەیەها جێگەی قورئانی پیرۆزدا ئێمەی ئاگادار كردۆتەوە كەخۆشی و ڕابواردنی ئەم دونیایە ڕۆژی قیامەتمان لە بیر نەباتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەوانە گوێ نادەنە ئامۆژگاریەكانی الله تعالى، بۆیە ڕێگای ئیسلام لە پێناو ئارەزووی نەفسیان دەكەنە قوربانی و مردن و گەڕانەوە بۆ قیامەت لە بیر دەكەن، هەر بۆیە ئەو تاوانبار و كافرانە لە ڕۆژی قیامەتیش كە دەبردرێن بۆ دۆزەخ ئەوە لە لایەن ڕەحم و میهرەبانی الله تعالى لەناو ئاگر لەبیر دەكرێن:

﴿الَّذِينَ اتَّخَذُوا دِينَهُمْ لَهْوًا وَلَعِبًا وَغَرَّتْهُمُ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا فَالْيَوْمَ نَنسَاهُمْ كَمَا نَسُوا لِقَاءَ يَوْمِهِمْ هَٰذَا وَمَا كَانُوا بِآيَاتِنَا يَجْحَدُونَ﴾[2]

---

[1] - سورەتی فاطر ئایەتی (٣٧).

[2] - سورەتی الأعراف ئایەتی: ٥٠- ٥١

واتە: ئەو کافرانەی کە دینی الله تعالی یان بە گاڵتە و یاری دەزانی و ژیانی دونیا فریوی پێ خواردبوون، بۆیە ئێمەش ئەمڕۆ لە یادیان ئەکەین هەر وەک چۆن ئەوان دیداری ئەمڕۆژەیان لە یاد کرد بوو نکۆڵیان لە ئایەتەکانی ئێمە دەکرد.

* ئەوانەش کە وەکو قوتابیەکانی قوتابخانە بە تەمای ئەوەن بە خەیالی پوچی خۆیان فێڵ لە الله تعالی بکەن، دەڵێین: ئەگەر مامۆستای قوتابخانەش فێڵی لێ بکرێ الله تعالی لێی ناکرێ، چونکە:

أ- لە دونیا هیچ کارێکت یان قسەیەکت نیە بیکەی و بتوانی لە الله تعالی بیاشاریەوە: ﴿وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ، كِرَامًا كَاتِبِينَ، يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾[1] واتە: بێ گومان چەند ئاگادارێکتان بەسەرەوەیە کە بەڕێزن و نووسەری کردەوەکانتانن، هەرچی بکەن دەیزانن.

﴿مَّا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ﴾[2] واتە: هەر ووتەیەک کە بدرکێنێ چاودێرێکی ئامادە بووی لە لا دایە.

ب- لە رۆژی قیامەتیش ناتوانی ئەو کار و کردەوانەی کردووتە لەسەر خۆتی لا بدەی و خۆتی لێ بێبەری بکەی، چونکە هەر ئەندامەکانی جەستەی خۆت شاهیدیت لەسەر ئەدەن:﴿ يَوْمَ تَشْهَدُ عَلَيْهِمْ أَلْسِنَتُهُمْ وَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[3] واتە: لە ڕۆژێکدا کە زمان و دەست و قاچیان لێیان دەبێتە شایەتێکی گۆیا، لە بەرامبەر ئەو کردەوانە کە ئەنجامیان دەدا.

---

[1] - سورەتی الأنفطار ئایەتی: ١٠-١٢.

[2] - سورەتی ق ئایەتی: ١٨.

[3]- سورەتی النور ئایەتی: ٢٤

ج- وە مرۆڤەکان بەر پرسیارن لە قیامەت، چونکە الله تعالی دروستی کردوونە و هەموو شتێکی بۆ موسەخەر و فەراهەم هێناوە لە پێناو ئەوەی بە تاك و تەنها بیپەرستن، هەموو خۆشیەکانی دونیا لە گشت ناز و نیعمەتەکانی بە خشیوەتی بە سەریان تاکو بە خۆشی بژین و الله تعالی لە بیر نەکەن، و بە تەنها بەندەی ئەو بین، بۆیە لە پاداشتی کردەوە خراپەکانمان الله تعالی بەر پرسیار نیە، بڵێیت بۆچی چاوت پێ نەداین پێ ببین، یان کاتەکان بەس ڕۆژ بوو شەو و کاتی پشووت دروست نەکردبوو، یا برو بیانۆی تر، بۆیە الله تعالی دەفەرمووێت: ﴿لَا يُسْأَلُ عَمَّا يَفْعَلُ وَهُمْ يُسْأَلُونَ﴾[1] واتە: پرسیار ناکرێت لەوەی کە الله دەیکات و پاداشتی بەندەکان ئەداتەوە، لە کاتێکدا ئەوان پرسیاریان لێ دەکرێت و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ. ئەوکاتی لە دوارۆژ الله تعالی دەفەرمووێ: ئەی گوێم پێنەدای گوێ بیستی بانگخوازانی ڕێگای ئیسلام بی، بەڵام تۆ گوێت قوفل کردبوو لەئاست وەرگرتنی حەق و ڕاستی، ئەی بەندەی خۆم چاوم پێت نەبەخشی تۆ بۆ خراپە و سەیرکردنی حەرام بەکارت دەهێنا، لەش ساغیم پێت نەبەخشی کەچی فلان چاوێکی کوێر بوو و دەستێکی ناتەواو بوو بەڵام هەمووکات بەندەیەکی دڵسۆز بوو لەڕێگای مزگەوت و هاوکاری موسڵمانان بوو.

کەواتە ئەی چۆن فێڵ لە الله تعالی دەکەی؟!

---

[1] - سورەتی الانبیاء ئایەتی: (٢٣)

* ئەو کەسەش وا دەزانێ دەسەڵات و پاسەوانەکانی وەکو ئێستا لە ڕۆژی قیامەتیش بەکەڵکی دێنەوە، ئەوەش بەهەڵە چووە ئەگەر ڕاست دەکات با ئەو دەسەڵات و پاسەوانانەی لە کاتی ڕۆح کێشانی بیپارێزن لە مەلائیکەتی گیان کێشان (ملك الموت) کاتێ دەچێتە ژوورێ، بەڵام ئەوانە ئەو کاتە باش بۆیان دەردەکەوێ کە دەسەڵات و پاسەوان هیچ نین، ئەو کاتەی الله تعالی دادگاییان دەکات و دەڵێن:

﴿وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ، وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ، يَا لَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ، مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ﴾[1]

واتە: وە ئەو کەسەی کارنامەکەی درا دەستی چەپی دەڵێ خۆزیا کار نامەکەم هەر پێ نەدرابا، نەمزانیبا چییە (سەرەنجامی) لێ پرسینەوەم، خۆزیا مردنەکەی دونیام یەکجارەکی بوایە و زیندوو نەبومایەوە تا ڕزگار بومایە، خۆ ماڵەکەم هیچ سوودێکی پێ نەدام و دەسەڵاتەکەم لە دەست چوو!

وە لەوانە دەپرسین ئایا الله تعالی لە دەسەڵات و پاسەوانی ئێوە دەترسێ؟!

حاڵی ئەو کەسانەی کە لەژیانی دونیا تەنها ڕابواردن و خۆشی و گاڵتەکردن بە ئیسلام و موسڵمانان بوو، کە سەرتاپای ژیانیان بێ فەرمانیکردنی الله تعالی بوو، خۆش دونیا غافڵی کردبوون وایان دەزانی کەوا نامرن ئەوجا لەو کاتەی فریشتەی گیان کێشان بۆ هەریەك دێت.

﴿كَلَّا إِذَا بَلَغَتِ التَّرَاقِيَ﴾[2]. واتە: نەخێر ئەو خەڵکە هەروا ژیانیان بەردەوام نابێت بەڵکو کاتێك دێت کە ڕۆحی یەك بەیەکیان دەگاتە گەرووی.

---

[1] - سورەتی الحاقة ئایەتی: (٢٥-٢٨)

[2] - سورەتی القیامة ئایەتی: {٢٦}

بەڵێ براو خوشکانم خۆ هەروا بەخۆشی لەم دونیایە نامێنینەوە بۆ ڕابواردن و هەلاو بەزم، مردن سەرەنجامی هەموومانە.

﴿وَقِيلَ مَنْ رَاقٍ﴾[1]. واتە: ئەوسا دەگوترێت: ئایا پزیشکێك، نوشتەیەك نزایەك دەستناکەوێت تا چاکی بکاتەوە.

بەڵێ وا تەرمی بێگیان لەوێ کەوتووە دەبا کەسێك یان پاسەوان و هێزێکی هەبێ چارەی بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ ژیان! کەچی کاتێك لە ژیان بوو بە پاسەوان و هێزەکەی پشتی توند بوو.

﴿وَظَنَّ أَنَّهُ الْفِرَاقُ﴾[2]. واتە: بەڵام لەو کاتەدا، ئەو کەسەی لەسەرە مەرگدایە دڵنیایە کە ئیتر هیچ شتێك فریای ناکەوێت و کاتی ماڵئاواییە.

بێگومان بێ دەسەڵاتە لەوکاتی دەزانی گەر دونیا هەموو لە پشتی بن و سوپا و هێزی بن سوودی نیە تازە !

﴿وَالْتَفَّتِ السَّاقُ بِالسَّاقِ﴾[3]. واتە: ئیتر قاچ و لوولاق بەیەکدا دەئاڵێن بەهۆی سەختی ئەو ڕۆژە.

نەخێر بەداخەوە لەو ساتەی مەرگ دەبێتە میوانی هەرکەسێك ئەوا هیچ واستەیەك و کەس و پاسەوان و هیزێك ناخوات تا ڕزگاری بێت! وە هیچ دەرمانێکت دە ست ناکەوێت تا چارەسەری بکات و بیگەڕێنێتەوە بۆ دونیا!

---

[1]- سورەتی الیقامة ئایەتی: {٢٧}

[2]- سورەتی القیامة ئایەتی: {٢٨}

[3] - سورەتی القیامة ئایەتی: {٢٩}

* ئەو کەسانەی وا گومان دەبەن کە پلە و پایەی کۆمەڵایەتی لە دونیا فریای قوتابی بکەوێ و بە ناهەق دەری بچێنێ، ئەوا لە لای الله تعالی مرۆڤ بەهۆی قەوم و خێڵ و هۆزەکەی رزگاری نابێت.

﴿لَن تَنفَعَكُمْ أَرْحَامُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَفْصِلُ بَيْنَكُمْ﴾[1]واتە: هەرگیز نە خزمانتان و نە منداڵانتان سوودتان پێناگەیەنن و فریاتان ناکەون، لە رۆژی قیامەتدا، کە ئێوە لە بەر ئەوان دۆستایەتیان دەکەن لە رۆژی قیامەتدا الله لێکتان جیا ئەکاتەوە(بڕوادارو بێ بڕوا)هەر کەسە ئەنێرێ بۆ جێگای شیاو بەخۆی ئەگەرچی کەس و کاریشتان بن.

*بەگوێرەی ئەو کەسانەش کە خاوەنی پارە و سامانن، ئەوانەش بەهەڵە دەچن ئەگەر وابزانن ئەو پارە و سامانە ڕزگاریان دەکات، بەگوێرەی قوتابی بتوانێ بەهۆی پارە و بەرتیل خۆی دەربچێنێ بکات، بەڵام لەلای الله تعالی پارە و ماڵ سوودی نیە.

﴿لِلَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمُ الْحُسْنَىٰ وَالَّذِينَ لَمْ يَسْتَجِيبُوا لَهُ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لَافْتَدَوْا بِهِ أُولَٰئِكَ لَهُمْ سُوءُ الْحِسَابِ وَمَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ وَبِئْسَ الْمِهَادُ﴾[2]. واتە: ئەوانەی بەدەم بانگەوازی الله چوونە (فەرمانبەری فەرمانی اللەیان کردووە) بەختیاری و چوونە بەهەشتیان بۆ هەیە،وە ئەوانەی وەڵامی بانگی اللەیان نەدایەوە ئەگەر هەموو ئەو شتانەی لە زەوی و چەندەهای تریشیان هەبێ گشتی دەکەنە قوربانی و دەیبەخشن (تاکو لە سزای ئەم ڕۆژە قوتار بن..بەڵام لێیان

[1] - سورەتی الممتحنة ئایەتی: {٣}.
[2] - سورەتی الرعد ئایەتی: (١٨).

وەرناگیرێ) ئەوانە لێ پرسینەوەیەکی سەختیان بۆ هەیە جێ نشینیان دۆزەخە کە بەڕاستی شوێنێکی بەد و ناهەموارە.

﴿وَلَوْ أَنَّ لِكُلِّ نَفْسٍ ظَلَمَتْ مَا فِي الْأَرْضِ لَافْتَدَتْ بِهِ وَأَسَرُّوا النَّدَامَةَ لَمَّا رَأَوُا الْعَذَابَ وَقُضِيَ بَيْنَهُم بِالْقِسْطِ وَهُمْ لَا يُظْلَمُونَ﴾[1] واتە: ئەگەر هەموو ئەو شتانەی لە زەوی دا هەن هی کەسێکی موشریک بێ، هەمووی دەکاتە قوربانی(تا ڕزگاری بێ)وە زۆر پەشیمانی نەخەنە دڵیانەوە لەو کاتەی سزا و ئازار دەبینن، وە بە دادگەرانە حوکمیان لە نێودا کراوە و زوڵمیان لێ ناکرێت.

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا وَمَاتُوا وَهُمْ كُفَّارٌ فَلَن يُقْبَلَ مِنْ أَحَدِهِم مِّلْءُ الْأَرْضِ ذَهَبًا وَلَوِ افْتَدَىٰ بِهِ أُولَٰئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ وَمَا لَهُم مِّن نَّاصِرِينَ﴾[2]

واتە: ئەوانەی کوفریان کرد و بە کافرێتی مردن، هەر یەکێکیان ئەگەر بە ئەندازەی زەویش زێڕ بەخشێ و بیکاتە قوربانی بۆ ڕزگار بوونی ئەوا لێی وەرناگیرێت، ئەوانە سزا و ئازارێکی بەئێشیان بۆ هەیە هیچ سەرخەر و پشتیوانیان بۆ نیە ڕزگاریان بکات.

[1] - سورەتی یونس ئایەتی: (٥٤).

[2] - سورەتی ال عمران ئایەتی: ٩١.

الله پەرستی پیاوچاكان و ترسیان لە ژیانی دوای مردن!.

بۆ ئەوەی جیاوازی خۆمان و پێشینە چاكەكان لە ڕووی بۆ الله ژیان و خۆماندو كردن و تێكۆشانیان بزانین پێم باش بوو نموونەی ئەو كەلە پیاوە جوامێرانە بێنینەوە تاكو بزانین ئاسمان و زەوی جیاوازین ئەگەر سەیری ژیانی پیاو چاك و سەلەفی سالح بكەین ڕەحمەتی الله تعالى یان لێبێت كە چەندە لە الله ترس بوونە و خەمی یەكەمیان قیامەت و ڕەزامەندی الله تعالى بووە، هەوڵی خۆماندوكردنیان داوە لە تاقیكردەوەی ژیانی دونیا، بۆ ئەوەی بەهەشت بەدەست بێنن.

بۆیە ڕەحمەتان لێبێت با ئێمەش چاویان لێ بكەین بۆ ئەوەی ڕزگارمان بێ لە ئاگر.

ڕەیاح ئەلقەیسی گوتی: ئەی ئەبو ئیسحاق تۆ دەڵێی چی ئەگەر بە یەكێك لەم مردووانە بوترێت ئاواتی چی دەخوازیت.؟!

دەبێت بڵێ چی"مردووەكە"؟!

منیش گوتم: سوێند بێت بە الله تەنها ئاواتی گەڕانەوە بۆ دونیا دەخوازێت، تا عیبادەتی الله تعالى بكات و كردەوەی چاكە بكات، ڕەیاح ئەلقەیسی گوتی: ئەی ئەبو ئیسحاق ئێمە ئێستا وا لە ژیانی دونیا داین دەی با عیبادەتی الله تعالى بكەین و كردەوەی چاكە بكەین، پاشان ریاح القیسی هەستاو خۆی گورج كردوو زیاتر عیبادەتی الله تعالى دەكرد و خۆی زۆر ماندوو دەكرد، ئەوەندەی پێنەچوو مرد (ڕەحمەتی الله پەروەردگاری لێبێت)[1]

ئەی بەندەی الله كاتێك سەردانی گۆڕستانت كرد بڕۆ سەر گۆڕێكی هەڵكەندراو، بیرێك لەو شوێنە تەنگ و تەسكە بكەوە، وا بێنە پێش چاوی خۆت ئێستا تۆی

---

[1] - إيقاظ أولي الهمم العالية إلى اغتنام الأيام الخالية(ص٣٥٧)

تێدایت، دەرگات لەسەر داخراوە، خۆڵت بەسەردا كراوە، ماڵ و منداڵ و كەس و كارت بە جێیان هێشتویت، گۆڕ بە تەنگ و تاریكییەكەی دەوری داویت، هیچ شتێك نابینیت تەنها كردەوەكانت نەبێت، لەو سات و كاتە ناخۆش و ناڕەحەتەدا ئاواتی چی دەخوازیت.؟!

ئایا ئاواتی گەڕانەوە ناخوازیت بۆ دونیا تا كردەوەی چاكە بكەیت، تا یەك ڕكات نوێژ بكەیت، یەك جار بڵێیت: سبحان الله، تا یادی الله بكەیت ئەگەر تەنها یەك جاریش بێت، ئێستا تۆ وا لەسەر زەویت زیندوو و لەش ساغیت، دەی كردەوەی چاكە بكە، و توند و گورج و گۆلبە بۆ تاقیكردنەوەی ژیانی دونیا پێش ئەوەی پەنجەی پەشیمانی بگەزیت، پێش ئەوەی بچیتە ڕیزی مردووەكان و لەبیر بكرێیت، ئاواتە خوازیت بەڵام وەڵام نادرێیتەوە تا بگەڕێیتەوە سەر زەوی.

كاتێك خرایتە ناو گۆڕەوە خۆ جارێكی تر بۆ ژیانی دونیات ناگەڕێیتەوە، ناتوانی كردەوە چاكەكانت زیاد بكەیت، مەگەر كارێكی خێری وات كردبێت ببێتە خێری نەبڕاوە (الصدقه الجاریه) و دوای مرنت خێر و پاداشتەكەیت بۆ بێت، دەی كاری چاكە زۆر بكە بۆ ڕۆژی دواییت پێش ئەوەی داماوی و پەشیمانی دەربڕیت.

إبراهیم التیمی (ڕەحمەتی اللەی لێبێت) دەفەرمووێت: جارێكیان وا خۆم هێنایە پێش چاوم وا لە ناو ئاگری دۆزەخدام، لە داری تاڵی زەققوم ئەخۆم، كێم و زوخاو و پیسی ناو دۆزەخ دەخۆمەوە، كۆت و زنجیر كراوم بە كۆت و زنجیری ئاسن، ئەو كاتە بە نەفسی خۆم گوت: چیت دەوێت ئەی نەفسم؟

گوتی: دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ دونیا تا كردەوەی چاكە بكەم، منیش پێیم گوت: ئێستا وا لەو ئاواتەدا دەژیت كە دەیبەیت، دەی كردەوەی چاكە بكە[1].

---

[1] -.حلیة الأولیاء وطبقات الأصفیاء لأبی نعیم.(٤/٢١١)

دەی ئەی بەندەی الله ئێستا ئێمە وا لە ماڵێکدا دەژین کە شوێنی کارکردن و تێکۆشان و خۆماندووکردنە بۆ تاقیکردنەوە، سبەینێ دەگوازرێینەوە بۆ ماڵێك تەنها شوێنی پاداشت یان سزایە، بۆیە هەر کەسێك لێرە کردەوەی چاکە نەکات سبەینێ لەوێ پەشیمان دەبێتەوە، هەموو ڕۆژێك کە بەسەرتا دێت غەنیمەتە بۆتۆ، کە هەوڵ و ماندوبوون و شەونخونی بکەیت بۆ دوارۆژت، بۆیە ئاگاداربەو کردەوەی چاکەی زۆر تێدا بکە و مەهێڵە کاتەکانت بە فیڕۆ بڕوات، تەمبەڵی و کەمتەرخەم مەبە تیایدا، چونکە تاکە ئاواتی مردووەکان لەناو گوڕدا بریتییە لە ژیانی تەنها یەك کاتژمێر، بەڵکو کەمتر، بۆ ئەوەی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دەستیان چوبوو فریای بکەون و بیکەن.

﴿حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءَ أَحَدَهُمُ ٱلْمَوْتُ قَالَ رَبِّ ٱرْجِعُونِ﴾[1] حاڵی بەدحاڵی حاشا کەرانی دینی ئیسلام لەگیانەڵڵا دا، لەم چەن ئایەتانەدا رادەگەیەنێ و، دەفەرموێ: بێباوەڕان هەر درێژە بەکاری خراپ و بێ بڕوایی خۆیان ئەدەن تا کاتێ مردن یەخەی یەکە بەیەکەیان دەگرێت و ئەحواڵی ئاخیرەتی بۆ ئاشکرا دەبێ ئەوسا ئەڵێ: پەروەردگارم ! بمگێڕەوە بۆ دونیا.

بەڵام بە هیچ شێوەیەك ڕێگەیان پێنادرێت، لەبەر ئەوەی کاتی ژیانیان تەواو بووەو بەسەریان بردووە.

﴿لَعَلِّىٓ أَعْمَلُ صَٰلِحًا فِيمَا تَرَكْتُ ۚ كَلَّآ ۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَا ۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ يَوْمِ يُبْعَثُونَ﴾[2]

---

[1] - سورەتی المومینون ئایەتی: ٩٩

[2] - سورەتی المومینون ئایەتی: ١٠٠

واتە: بەڵکو ئەو کارە چاکەی کاتی خۆی لەدەستم چووە بیکەم نەخێر ! هەرگیز ئەو داخوازیە جێبەجێ نابێت، ئەوەیش هەر قسەیەو (ئەو بەناچاری) دەیکات وەتا ڕۆژێ زیندوو دەکرێنەوە لەمپەرێکی زۆر گەورەیان لەپێشدایەو ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ دونیا، واتە: هەرگیز ناگەڕێنەوەو هەر لەسزاشدا دەبن.

ئەی بەندەی الله کاتێك سەردانی گۆڕستانت کرد، یان جەنازەیەکت بە ڕێکرد بۆ گۆڕستان، لەو کاتەدا بێ ئاگا مەبە، قسە زۆر مەکە لەگەڵ خەڵکیدا، بەڵکو بیر لە ئاواتی ئەو مردووانەی دەورو و پشتت بکەوە، کە لەسەر گۆڕەکانیان وەستاویت، گیرۆدەی دەست کردەوەکانیانن، کاتەکانی ژیانت جوان بگرەو بە فیڕۆیان مەدە، بۆ ئەوەی زۆر یادو زیکری الله تعالی بکەیت، تا سبەینێ لەگەڵ مردووەکان نەبیت، ئاوات دەخوازیت وەکو هەندێکیان تا بگەڕێیتەوە دونیا بەڵام پاش چی؟.!

هەر کاتێك ویستت تاوان بکەیت بیر لە ئاواتی مردووەکان بکەوە، بیرت بێت کە ئێستا مردووەکان ئاواتەخوازن زیندوو بوونایە تا گوێڕایەڵی الله تعالی بکەن، دەی چۆن تۆ سەرپێچی الله تعالی دەکەیت؟.!

هەر کاتێک بینیت خەڵکانێک لەتۆ خۆشتر ئەژین و لە خۆشگوزەرانی دونیا نوقوم بوونە و پشتیان لە ئیسلام بەرنامەی الله کردووە و نەفست هانت دەدات بۆ دونیا بیر لە ئاواتی مردووەکان بکەوە!.

هەر کاتێك بینیت دەست بەتاڵیت و بێ کاریت بیر لە ئاواتی مردووەکان بکەوە!.

هەر کاتێك بینیت بێ تاقەتیت لە پەرستنی الله تعالی بیر لە ئاواتی مردووەکان بکەوە!.

پێشەوا رەبیحی کوڕی خەیسەم (ڕەحمەتی الله تعالی لێبێت) لەناو ماڵەکەی خۆیدا گۆڕێکی هەڵکەند بوو، هەر کاتێك هەستی بکردایە نەفسی بەلای دونیادا دەچێت

و دڵی ڕەق بووە، دەچووە ناو گۆڕەکەوە، کاتێك هەستی بە تاریکی و ترسناکی دەکرد هاواری دەکردوو دەیگوت: ﴿رَبِّ ارْجِعُونِ﴾

کەس و کارەکەی گوێیان لە دەنگی دەبوو دەهاتن دەریان دەکرد، شەوێکیان چووە ناو ئەو گۆڕە تاریکەوەو سەری خۆی داپۆشی، کاتێك تاریکی و تەنگی گۆڕەکە ترسی بۆ هێنا بانگی دەکردوو دەیگوت: ﴿رَبِّ ارْجِعُونِ﴾ بەڵام هیچ یەکێك لە کەس و کارەکەی گوێیان لێنەبوو، پاش ماوەیەکی زۆر خێزانەکەی گوێی لێبوو، خێرا هات بۆ لای و دەری کرد، کاتێك هاتە دەرەوە دەیگوت: ئەی ڕەبیع کاری چاکە زۆر بکە پێش ئەوەی بڵێیت: ﴿رَبِّ ارْجِعُونِ﴾ بەڵام هیچ کەس نییە وەڵامت بداتەوە.[1]

بەندەی ئیماندار دڵخۆشە کاتێك چاکە لە دوای چاکە بۆی دێت لە کاتێکدا لەناو گۆڕەکەیدایە، لە لایەن کەسێکی نزیکی یان هاوڕێیەکی، یان بە هۆی ئەو عیلم و زانیارییەی کە پاش خۆی بە جێی هێشتووە، یان بە هۆی خێرێك کە کردوویەتی و بووەتە خێری نەبڕاوە (الصدقه الجاريه).

ئەو کەسانە مردوون بەڵام چاکەکانیان نەمردووە لە دوای مردنی خۆیان، بۆیە خۆشبەختیان بۆ هەیە لەوەی کە پێشیان خستووە.

بەڵام ئەو کەسەی کە مردووەو تاوانەکانی نەمردووە لە گەڵیا، ئەوە بەردەوام ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە دونیا تا ڕزگاری بێت لەو تاوانانەی کە کردوویەتی، دەیەوێت ڕزگاری بێت لەو تاوانانەی کە بەدەستەکانی کردوویەتی، وەکو هەندێك لە ئەکتەر و گۆرانی بێژەکان، و ئەوانەی ڕێگا خۆشکەر بوون بۆ خەڵك تا ڕێگای کوفر بگرنە بەر و ئەوانەی کیتابی کردەوەکانیان پڕ کردووە لە هونەرو فیلم و گۆرانی و بەدڕەوشتی سفوری،....هتد، مردوونەو تەوبەیان لێ نەکردووە، بەردەوام فیلم و

---

[1] - بڕوانە: .إحياء علوم الدين.(٢/٢١١)

شانۆ و کارە خراپەکانیان لێدەدرێتەوە بۆ خەڵکی تا ڕێگەی الله لێ بگرن نەهێڵن شوێنی بکەون و سەریان لێبشێوێنن، ئاواتە خوازن بگەڕێنەوە دونیا، تا خۆیان ماندوو بکەن و کۆشش بکەنەوە لە تاقیکردنەوەی دونیا و تا ڕزگار بن لەوەی کردوویانە، تا ئەو تاوانانەی کە بەردەوام لەناو گۆڕدا سزاکەی بۆیان دێت نەیهێڵن و بیوەستێنن، دەیانەوێت کردەوەی چاکە بکەن لە کاتێکدا لە دونیاداو پێش مردنیان نەیان دەکرد، دەبێ چیان لە دوای خۆیان بە جێهێشتبێت؟

ئایا تەنها چەند فیلم و گۆرانی و کارێك نییە کە ڕەوشتی خەڵکی پێ خراپ دەبێت.؟ وە ڕێگریان لێ دەکات لە گوێڕایەڵی کردنی الله تعالی پاشان پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) بەڵێ ئێستا سزاکەی دێتەوە ڕێیان و باریان گران دەکات، وە خراپەو تاوانی ئەو کەسانەی کە شوێنیان دەکەون دێتە ڕێیان و تاوانەکانیانی پێ زیاتر دەبێت و سزایان پێ قورستر دەبێت، بێ ئەوەی لە تاوان خراپەو سزای ئەو کەم بێتەوە کە دەیکەنن.

کەسی تاوانبارو خراپەکار ئایا گوێبیستی پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) نەبوویتە کە دەفەرمووێت: **(وَمَنْ سَنَّ سُنَّةً سَيِّئَةً فَعُمِلَ بِهَا، كَانَ عَلَيْهِ وِزْرُهَا، وَوِزْرُ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ بَعْدِهِ، لَا يَنْقُصُ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَيْئًا)**[1]

واتە: هەر کەسێك ڕێگەیەکی خراپ دابنێت و کاری پێ بکرێت و خەڵکی شوێنی بکەون، ئەوە تاوانەکەی لەسەر شانی ئەو کەسەیە کە یەکەمجار دایهێناوە، وە هەر کەسێك کاری پێ بکات و لەسەری بڕوات تاوان و سزای بۆ کەسی یەکەم دڕوات، بێ ئەوەی لە تاوان و خراپەی هیچ کەسێکیان کەم بکات.

[1] - رواه الإمام أحمد– الفتح الربانی(١٩/٧١) -،والترمذی(٢٦٧٥) ، والنسائی(٢٥٥٤)

کەسی بەختەوەرو سەرفراز ئەو کەسەیە کاتێك دەمرێت تاوانەکانیشی لە گەڵیدا دەمرێت تاوان و خراپەیەکی وای نییە دوای مردنی خەڵکی بیکەن و شوێنی بکەونجگە چاکە.

کەسی هەژارو داماو ئەو کەسەیە کاتێك دەمرێت خراپەکانی لە گەڵیدا نامرێت دوای خۆی خراپەو تاوانی بە جێهێشتووە خەڵکی دەیکەن و لەسەری دەڕۆن، لەبەر ئەوەی ئاواتەخوازە بگەڕێتەوە دونیا تا خۆی ڕزگار بکات لەو تاوانانەی کە بە دەستەکانی کردوویەتی، بەڵام زۆر دوورە، بەڵێ زۆر دوورە جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ژیانی دونیا، لەبەر ئەوەی لە دونیاوە هاتوونەو بە ژیانی دونیادا تێپەڕیون و تەمەنیان تیادا بەسەر بردووە، بەڵێ دیمەنی دەربڕینی تەوبەو پەشیمان بوونەوەیە، بەڵام پاش بەسەر چونی کات، ئایا دەربڕینی پەشیمان بوونەوە دوای مردن سوودی هەیە؟ بەڵێ ئاواتەخوازیت بگەڕێیتەوە دونیا، تا ئەو خراپانەی بەجێت هێشتووە بیان کەیت بە چاکە، بەڵام وەڵامی ئەم ئاواتە دواخراوەت دەدرێتەوە:

﴿كَلَّا إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَائِلُهَا﴾[1]

لەبەر ئەوەی ئومێدێکە لە کاتی تەنگانەو ناڕەحەتیدا خوازراوە، بۆیە هیچ بەهاو گرنگییەکی بۆ دانانرێت.

دەی ئەی بەندەی اللە ڕستەی (ئاواتی مردووەکان) بەردەوام با لەسەر زمانت بێت، بەردەوام با لە خەیاڵت بێت، چونکە باشترین هاندەرە بۆ ئەوەی کردەوەی چاکە لە ژیانت دا زۆر بکەیت، خۆت ماندوو بکەی لە تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا، تاکو پەشیمان و سەرشۆڕ نەبیت.

---

[1] - سورەتی المومینون ئایەتی: ١٠٠

ئەی بەندەی الله لە الله بترسە، ئەو کات و تەمەنەی ماوتە لە عیبادەت و پەرستنی الله سەرفی بکە، وەکو قوتابیە بێخەم و تەمبەڵەکان مەبە باش بزانە هەر مردوویەك کاتێك کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی الله، ئێستا پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت، ئاواتەخوازە ژیانی دونیای بۆ بگەڕێتەوە تا گوێڕایەڵی الله بکات، تا حەق و مافی مرۆڤەکان بگێڕێتەوە، گوتنی تەنها یەك (سبحان الله) بەلایانەوە باشترە لە هەموو دونیاو ئەوەی کە تیایدایە، بە دڵنیاییەوە هەستیان کردووە و دەزانن هیچ شتێك سودیان پێ ناگەیەنێت تەنها عیبادەی الله نەبێت.

ئەو کەسەی کاتی بە فیڕۆ ئەدات بە گاڵتەو گەپ و بە دیار کەناڵ و فیلمە بێ سوودو زیان بەخشەکان و شوێنە گشتیەکان، و شوێنکەوتنی کوێرانەی شێخ و فلان گروپی کافر و بێدین، ئەگەر دەزانێت مردووەکان ئاواتی چی دەخوازن، ئەوە هەرگیزو بە هیچ شێوەیەك تەنها یەك خولەك لە کاتی خۆت بە فیڕۆ نادات و قیامەتی خۆی بۆ دونیای کەس نادۆڕێنێت.

ئەی بەندەی الله ئەگەر دەزانی تەمەنت چەندی ماوە ئاواتت زۆر نابێت لە دونیا، کردەوەی چاکە زۆر دەکەیت، ئاگاداربە پێت هەڵنەخلیسکێ و لە ڕێگەی ڕاستی ئیسلام و تەوحید لانەدەیت، لە پەشیمان بوونەی دوای مردنت کەم بکەوەو خۆتی لێبپارێزەو لێی بترسە، ژیانت، بوونت، لەش ساغیت بە غەنیمەت بگرە پێش نەمان و مردنت.

بەڵێ ژیان تەنها چەند هەلێکەو لە دەست دەچێت و جارێکی تر ناگەڕێتەوە، کاتێك دەزانیت و خۆت دەبینیتەوە وا لە ڕیزی مردووەکاندایت، هەوڵ بدە چاکە زۆر بکەیت پێش ئەوەی بمریت، سەر ڕاستانە بۆ الله خۆت یەکلا بکەوە بە تەنها بەندەی ئەو بی و دووربی لە ڕێگە و ڕێبازی گومڕای و دەست پێشخەری بکە لە

تەوبە کردن هەتا لە دونیادایت و کاتت هەیە، پێش هاتنی کاتێك کە ناتوانی تەوبە بکەیت و بگەڕێیتەوە بۆ لای الله، پێش ئەوەی مردن لە ناکاو و کتوپڕ یەخەت پێبگرێت و ڕێگرت بێت لە کردنی کردەوەی چاکە، ئەو کاتە ئاواتەخوازیت و دەڵێیت: ﴿يَقُولُ يَا لَيْتَنِي قَدَّمْتُ لِحَيَاتِي﴾[١]

واتە: خۆزگە کاری چاکەم پێش بخستایە بۆ ژیانەکەم.

ژیانی نەبڕاوە و ڕاستەقینە تەنها لە بەهەشتدایە، بۆیە ئەو کەسە ئاوات ئەخوازێت کردەوەی چاکەی زۆرتر بوایە کاتەکانی ژیانی دونیای بە فیڕۆ نەدایە تا ژیانی دوای مردنی خۆشتر بوایە.

باش بزانەو وشیاربە ئەو خولەکەی کە لە ژیانت ئەڕوات، ملیۆنەها مردوو ئاواتی پێدەخوازن، تا عیبادەتی الله تێدا بکات، تا تەوبە تازە بکاتەوە و پەشیمانی دەرببڕن بگەڕێنەوە بۆ لای الله تعالى، بەڵام!!!

تا زیکرو یادی الله بکەن ئەگەر تەنها یەك جاریش بێت، بەڵام خۆزگە و ئاواتەکانیان نایاتە دیّ.

بۆیە مەهێڵە هیچ خولەکێکی ژیانت بەفیڕۆ بڕوات، بەڵکو لە پەرستنی الله بەسەری ببە، پێش ئەوەی داماوی و پەشیمانی دات بگرێت لە ڕۆژێکدا کە پەشیمانی و ئاوات خواستن هیچ سوودت پێناگەیەنێت.

---

[١]- سورەتی الفجر ئایەتی: ٢٤

لە کۆتایی

داواکارم لە الله تعالی بیکاتە مایەیی خێر و سوود بۆ موسڵمانان و گەڕانەوەیان بۆ ئیسلام، و تێکۆشانیان لەو ڕێگا پیرۆزە بۆ گەیشتن بە بەهەشت و ڕەزامەندی الله تعالی، لە کۆتایی هەموو ڕاستی و حەقیقەتێکت بۆ دەرکەوت، سەبارەت بەم ژیانەی ئێستا کە تێیداینە و هێشتا ئەجەل و کاتی و دەرچوونمان نەهاتووە، بۆیە با خۆمان ماندو بکەین و تێکۆشان بکەینە غەمی سەرەکی و گشت غەمەکانی دونیا پشت گوێی بخەین، لە پێناو ئەو بەهەشتەی کە خۆشیەکانی هەمیشەین، ئەگەر لە خۆشترین کات و ساتی ژیان بن، بە هەواڵ و شتێکی بچووک نەخۆشیەک، سەر ئێشە و ژانێک تەواوی خۆشیەکانت دەگۆڕێ بۆ دڵتەنگی و ئازار و غەم و ناخۆشی، کەوایە ژیانێکی ئاوا کەم و کاتی شایەنی ئەوە نیە بەهەشتێکی هەمیشەیی و پڕ لە خۆشی و ناز و نیعمەت و دوور لە دڵتەنگی و نەخۆشی و ئازار و ژان لەدەست بدەین ؟!

بۆیە با بەڵێن و وەعد بدەین بە اللەی خاوەن عەرش کە بۆ جگە ئەو نەبێ نەژین و نەمرین، و هیچ خۆشی و ڕابواردنێکی دونیایی هەڵمان نەخەڵەتێنێ لە ڕێگای حەق و بۆ ڕێگای شەیتان و گومڕایی دواتر پەشیمانی سوودی نیە کە مردین، بۆیە با مەردی الله بین لەم تاقیکردنەوەی ژیانی دونیا سەرکەوتن بەدەست بێنین..

بەندەی هەمیشە پێویست بە الله تعالی: عبدالله خاکی

جومعە ٣/٩/ ٢٠٢١

کات: سێ و سی خولەکی دوای نیوەڕۆ

خوێنەری بەڕێز: داوام و ایە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە بیدەی بە هاوڕێ و ناسیارەکانت تاکو ئەو انیش سوود ببین بۆت ببێتە خێری نەبڕاوە.

{ وَمَا تَوْفِيقِي إِلَّا بِاللَّهِ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ وَإِلَيْهِ أُنِيبُ }

ناوەرۆک